دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٢٢

www. kurdistanukurd.com

شەممە ١٦ی خەزەڵوەری ١٣٨٨ ـ ٧ی نوامبر ٢٠٠٩ ـ ١٥٠ تمەن ● ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



دوو قۆناغی جیاواز لە بۆنەیەك دا

سیاسی



لە پەراوێزی سەفەرەکەی ئۆردوغان بۆ تاراندا

کوردستانی



حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان و گواستنەوەی دەسەڵات

کۆمەڵایەتی

شاردنەوەی دەستدرێژیی جینسی لە زیندانەکان کۆتایی پێبێنن

# بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران، جار لەگەڵ جار بە گوڕتر

## پێشنیاری تازەی IAEA، بیانوو بڕین لە کۆماری ئیسلامی

قادر وریا

پێشنیاری ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی لەبارەی پیتاندنی ئۆرانیۆم لە دەرەوەی وڵات، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی خستۆتە بەردەم هەڵبژاردنێکی سەخت. ئایا سەرەنجام مل بۆ ئەم پێشنیارە دەداو، کێشەی خۆی و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەسەر پەروەندەی ناوکیی ئێران دەباتە بواری چارەسەری، یا بە خۆبواردن لە قبووڵی ئەم پێشنیارە و بەردەوامبوون لەسەر هەوڵە پەنامەکییەکان بەمەبەستی پیتاندنی ئۆرانیۆم و لەراستی دا هەوڵدان بۆ گەیشتن بەچەکی ناوکی، ململانێ لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی سەرەڕای لەرزۆکتر بوونی پێگەی خۆی لەنێو خۆو دەرەوەدا، هەروا درێژە پێ دەدا؟

ئاژانسی نیونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی ئۆکتۆبری رابردوو، پێشنیارێکی تازەی خستەروو. بەگوێرەی پێشنیارەکە، ئێران تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩، سێ لەچواری ئۆرانیۆمی کەم پیتێنراوی خۆی واتە ١٢٠٠ کیلۆ لە سەرجەم ١٥٠٠ کیلۆی ئەم ئۆرانیۆمە، بۆ پیتاندنی زیاتر دەدا بە رووسیە و فەرانسەو لە بەرامبەر دا سووتەمەنیی ریئاکتوری تەحقیقاتیی تاران لەوان وەردەگرێ.

ڕێژیمی ئێران بە رواڵەت ئەم پێشنیارەی رەت نەکردۆتەوە و بە شێوەیەکی گشتی رەزامەندیی لەگەڵ نەفسی موعامەلەکە دەربڕیوە. بەڵام داواکارە ئەم پێشنیارە چاوی پێدا بخشێندرێتەوەو کۆمیسیۆنێکی فەننی بۆ هەڵسەنگاندن و وەبەرچاو گرتنی تێبینی و پێشنیارەکانی ئەو ڕێژیمە لەبارەی ئەو پێشنیارە پێك بێ.

گرینگیی پێشنیاری مانگی ئۆکتۆبری ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی لەوەدایە کە دوو مەبەستی گرنگی، هاوکات و بەشێوەیەکی پێکەوە بەستراو تێدا هاتوە: دابینکردنی سووتەمەنیی پێویست بۆ ریئاکتۆری تەحقیقاتیی تاران لەلایەك و، پێشگیری لەپیتاندنی ئۆرانیۆم لەنێوخۆی ئیران دا لە لایەکی دیکەوە. یەکەمیان وەڵامدانەوەیەکی ئەرێنیە بەم ئیددیعایەی ئێران کە بۆ ئامانجە ئاشتیخوازانەکانی پرۆژە ئەتۆمییەکانی، پێویستی بە سووتەمەنیی پێویست واتە ئۆرانیۆمی پیتێنراو هەیە و، دووهەمیان رێگە گرتنە لەو هەوڵە گوماناوییانە کە کۆماری ئیسلامی لەژێر ناوی پیتاندنی ئۆرانیۆم بۆ مەبەستی ئاشتیخوازانە دەیانباتە پێش.

شتێکی ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی نە لەگەڵ "شەفاف سازی"و چاوەدێری کرانی هەوڵە ئەتۆمییەکانی لەلایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دایە، نە پێی خۆشە پیتاندنی ئۆرانیۆم رابگرێ. چونکە هەر دووی ئەم حاڵەتانە، لەمەبەستە سەرەکییەکەی کە بەرهەمهێنانی چەکی ناوکییە، دووری دەخەنەوە.

ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، ئەزموونێکی ناخۆشی لەچاوەدێری کردنی دامەزراوە ناوکییەکانی ئێران و هەوڵەکانیان هەیە و ئەوەی ئەم ئاژانسە و هەموو دنیا بۆیان دەرکەوتوە ئەمەیە کە ڕێژیمی ئێران لەگەڵیان روون و راستگۆ نیەو، شتێکی دیکەی لەبن سەری دایە. دەرهێنانی پیتاندنی ئۆرانیۆم لە دەست ئەو ڕێژیمە، دەتوانێ رێگایەکی تاڕادەیەك گونجاو بێ بۆ دوور خستنەوەی ڕێژیمی ئێران لە دەستڕاگەیشتن بەچەکی ئەتۆمی.

ل ٣

## لە خۆپیشاندانەکانی رۆژی ١٣ی خەزەڵوەردا زیاتر لە ١٠٠٠ کەس دەسبەسەر کراون

ئەگەرچی تا ئێستا ژمارەی دەسبەسەرکراوانی خۆپیشاندانەکانی رۆژی ١٣ی خەزەڵوەر ئاشکرا نەکراوە، بەڵام هەندێك لە سەرچاوەکانی هەواڵ ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەی دەسبەسەرکراوان لە تاران و شارەکانی دیکە لەو رۆژەدا لە هەزار کەس تێپەڕ بووە. بە پێی هەواڵی کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران دا، لانی کەم ٤٠٠ کەس لە دەسبەسەرکراوانی رۆژی ١٣ی خەزەڵوەر بۆ بەندیخانەی ئێوین راگوازراون. ئەمە لە کاتێکدایە کە عەباس جەعفەری دەوڵەت ئابادی دادستانی گشتی و شۆڕشی تاران لە لێکدوانێك دا بۆ هەواڵنێری "ئیرنا" وێڕای دەربرینی بێ ئاگایی خۆی لە ژمارەی دەسبەسەرکراوان، رایگەیاند کە زۆربەی دەسبەسەرکراوەکان چەند کاتژمێر دواتر ئازاد کراون.

لەلایەکی دیکەوە ئاژانسەکانی هەواڵ باس لە دەسبەسەر کرانی سەدان هاوڵاتی دیکە هەر لەو رۆژەدا لە شارەکانی مەشهەد، شیراز، رەشت و ئیسفەهان دەکەن کە تا ئێستا بنەماڵەو کەس و کاری ئەو دەسبەسەرکراوانە نازانن رۆڵەکانیان بۆ کوێ راگوازراون.

ل ٣



## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ سەرۆکی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان



زۆر بەڕێز: دوکتور بەرهەم ساڵح

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان!

بە بۆنەی دیاریکرانت بە سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستانو، درانی دەنگی متمانەی پارلمانی کوردستان بە بەڕێزتان وەك سەرۆکی حکوومەتی هەرێم، بە گەرمی پیرۆزباییت لێ دەکەمو سەرکەوتنی بەڕێزتان لە بەڕێوەبردنی هەرچی باشتری ئەم پۆستە گرنگەدا بە ئاوات دەخوازم.

بە دەرفەتی دەزانم لە رێگای جەنابتەوە پیرۆزبایی لە بەڕێز کاك ئازاد بەرواری جێگری سەرۆك وەزیران بە بۆنەی پێ سپێردرانی پۆستی تازەی بکەم. هەروەها پیرۆزبایی لە یەکەیەکەی ئەندامانی کابینەی نوێ دەکەم. هیوادارم بە لێهاتوویی بەڕێزتانو ئەرکناسیی سەرجەم هاوکارانت، کابینەی نوێ لە جێبەجێکردنی ئەرکە پێ سپێردراوەکانو بەرەوپێشبردنی هەرێمی کوردستان لە هەموو روویەکەوە، سەرکەوتوو بێ.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٢٠٠٩/١١/١٢

## لە دوای هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمارییەوە ١٠٠ رۆژنامەنووس لە ئێران دەسبەسەر کراون

ڕێکخراوی هەواڵنێری بێ سنوور لە نوێترین راگەیەندراویدا نیگەرانی خۆی لە دۆخی نالەباری رۆژنامەوانان لە ئێراندا دەربڕی و رایگەیاند کە لە ماوەی کەمتر لە ١٥٠ رۆژدا لانیکەم ١٠٠ رۆژنامەوان و وێبلاگ نووس و چالاکی بواری راگەیاندن دەسبەسەر کراون و تا ئێستاش ٣٢ کەس لەو دەسبەسەرکراوانە هەروا لە زیندان راگیراون و چارەنووسیان ناڕوونە.

هەواڵنێری بێ سنوور هەروەها لە درێژەی راگەیەندراوەکەیدا ئاماژە بەوە دەکا کە هەر لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٥٠ رۆژنامەوان بە ناچاری روویان لە دەرەوەی وڵات کردووەو چەندین رۆژنامەوانی دیکەش لە رەوتی دادگا ستالینییەکاندا حوکمی قورسیان بە سەردا سەپاوەو لە مافی داواکردنی پێداچوونەوە بە حوکمەکانیاندا بێبەش کراون.

## مەحکووم کرانەوەی ڕێژیمی ئێران لە لایەن ئەنجومەنی جیهانیی قەڵەمەوە

حەفتاو پێنجەمین کۆنگرەی ئەنجومەنی جیهانیی قەڵەم"پێن" بە دەرکردنی بڕیارنامەیەك، پێشێلکردنی ئازادی رادەربڕینی لە ئێراندا مەحکووم کرد.

لەو بڕیارنامەیەدا پەرەسەندنی فشارەکان بۆ سەر نووسەران، هەواڵنێران، خوێندکاران،چالاکانی مافی ژنان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لە دوای هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد مەحکووم کراوە.

فشارخستنە سەر رۆژنامەنووسانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەییەکانی وەکوو کوردەکان، ئازەری و عەرەبەکان بە هۆی بڵاوکردنەوەی راپۆرتی رەخنەگرانە و بەرگری لە مافی کولتووری و سیاسیی ئەو کەمایەتییانە لە ئێراندا لەو بابەتانە بوون کە حەفتاو پێنجەمین کۆنگرەی ئەنجومەنی جیهانیی قەڵەم گرینگی پێ داون.

لەم بڕیارنامەیەدا هەروەها ئاماژە بە بڕانەوەی ١٠ ساڵ زیندان بۆ عەدنان حەسەن پوور، دەرچوونی بڕیاری ١١ ساڵ زیندانی بۆ محەممەد سەدیقی کەبوودوەند و ٨ ساڵ بۆ سەعیدی مەتین پوور کراوە و سەپاندنی ئەو حوکمانەیان بە بڕیارێکی سیاسی داناوە نەك حوقووقی.

لە بەشی کۆتایی ئەو بڕیارنامەیەدا هاتوە : ئێمە هەرچەشنە توندوتیژییەکی حکوومەتی ئێران لە دژی خەڵکەکەی مەحکووم دەکەین و داوا لە کۆماری ئیسلامی دەکەین کە ئازادی رادەربڕین و ئازادی کۆڕ و کۆبوونەوە بۆ خەڵکی ئەم وڵاتە دابین بکا.

شایانی باسە ئەنجومەنی جیهانیی قەڵەم کە بنکەکەی لە شاری لەندەن پێتەختی وڵاتی بریتانیایە، لە ١٠١ وڵاتی جیهاندا نووسینگەی هەیە و نووسەرانی ١٤٤ وڵات تێیدا ئەندامن.

## سپای پاسداران هەڕەشە لە نەیارانی ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات دەکا

پاسدار جەزائیری یەکێك لە بەرپرسە پایەبەرزەکانی سپای پاسداران هەڕەشەی لە نەیارانی ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات کردو رایگەیاند ئەگەر پێویست بکا لە دەرەوەی وڵاتیش دەس بەکار دەبین و کێشە بۆ ئەو کەسانە دروست دەکەین کە پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکان لە نێوخۆی وڵات دەکەن. ناوبراو لە لێدوانێك دا بۆ هەواڵدەری "ئیسنا" ئاشکرای کرد کە سپای پاسداران ناوی تەواوی ئەو کەس و لایەنانەی دەست نیشان کردوە کە لە دەرەوەی وڵاتەوە هانی خەڵك دەدەن بەشداری لە خۆپیشاندانەکاندا بکەن. جەزائیری هەڕەشەی کرد کە سپا لە کاتی خۆی‌دا دژ بەو کەسانە دەست بەکار دەبێ و بە سزایان دەگەیەنێ.

شایانی باسە لە دوای دەسپێکردنی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ئێرانەوە ئەوە بۆ جاری یەکەمە کە سپای پاسداران بە ئاشکرا هەڕەشە لە نەیارانی ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات بکا.

# کۆبوونەوەی گشتیی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حدك لە دەرەوەی وڵات لە وڵاتی سوئێد



کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لە رۆژانی٩ ی خەزەڵوەر ١٠ خەزەڵوەردا (٣١ ی ئۆکتۆبر و ١ ی نوامبری ٢٠٠٩) سێهەمین کۆبوونەوەی حوزووریی خۆی لە دوای کۆنگرەی چاردەی حیزبەوە بەڕێوە برد.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە لە ستۆکهۆڵم پێتەختی سوئێد گیرا، خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب، حەسەنی رستگار ئەندامی دەفتەری سیاسی، مستەفا شڵماشی بەرپرسی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵات، سەعید بێگزادە، ئیقباڵ سەفەری، کوێستان گادانی و ئاسۆ حەسەن زادە ئەندامانی هەیئەتی ئیجرایی، کاوە ئاهەنگەری، رەحیم محەممەد زادە، مەولود سوارە، گوڵاڵە شەڕەفکەندی و مەریوانی نستانی ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوە تێیدا بەشدار بوون.

لە دوو رۆژ کاری چڕ و پڕی ئەم کۆبوونەوەیەدا، جیا لە باسێك کە لەلایەن سکرتێری گشتیی حیزبەوە سەبارەت بە هەڵسەنگاندن و رێنماییەکانی دەفتەری سیاسی لەمەڕ کار و تێکۆشانی حیزب لە دەرەوەی وڵات و سیاسەت و بەرنامە هەنووکەییەکانی حیزب بەگشتی، بەرپرسی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵات و بەرپرسانی هەر کام لە کۆمیسیۆنەکانی تەشکیلات، پێوەندییەکان، راگەیاندن، ماڵی و بەشە پێوەندیدارەکانیان راپۆرتی کاریی خۆیان پێشکەش کرد کە لەلایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی حیزبەوە بە وردی کەوتنە بەر تێبینی و هەڵسەنگاندن.

لەو کۆبوونەوەیەدا هەروەها کۆمەڵێك هەنگاو و بڕیار بە مەبەستی گوڕ و تین بەخشینی هەرچی زیاتر بە بوارەکانی کار و تێکۆشانی رێکخراوەکانی حیزب لە وڵاتانی دەرەوە و هەروەها بۆ هەماهەنگی و گرێدانەوەی هەرچی زۆرتری راندومانی سیاسیی کاریان بە خەباتی حیزب لە کوردستان و نێوخۆی وڵات لەبەر رووناکایی گەشەسەندن و پێشهاتەکانی رۆژ بە پەسند گەیشتن.

# سەردانی بەرپرسی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵات لە پارلمانی هولەند

رۆژی چوارشەممە،١٣ ی خەزەڵوەر( ٤ ی نوامبری ٢٠٠٩ی زایینی) بەرێز مستەفا شڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کومیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات سەردانی پارلەمانی هولەندی کرد و لە گەڵ پارلمانتار، هاری فان بۆمڵ ئەندامی پارلەمانی هولەند لە سەر لیستی حیزبی سوسیالیستی ئەو وڵاتە کۆبۆوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا باس لە بابەت و رووداوەکانی پێوەندیدار بە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران کرا و جەختیان لە سەر هاوکاری و پەیوەندی بەردەوام لە نێوان حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و حیزبی سوسیالیستی هولەند کردەوە. هەروەها دوولایەن بە پێویستیان زانی کە پەیوەندییەکان بەردەوام بن و بە تایبەت لە بواری ماف نەتەوەکان، ماف مرۆڤ و چۆنیەتی یارمەتی بە پرۆسەی دێموکڕاسی لە کوردستان و ئێران دا پیکەوە هاوکاری بکەن.

شایانی باسە ئاغای فان بۆمڵ



چالاکترین ئەندامی پارلەمانی هولەندە لە بابەت کێشەکانی پێوەندیدار بە کوردستان و ئێران داو هەروەها یەکێك لە یارمەتیدەرانی وەگەڕخستنی دادگایی فرانتس ڤان ئانرات، ئەو بازرگانە هولەندییەیە کە لە دەستی لە فرۆشتنی مەوادی شیمیایی بە ڕژیمی سەددام دا هەبوو.

فان بۆمڵ ماوەیەك لە مەوبەر لە پارلەمانی هولەند دا بە ئاشکرا پشتیوانی لە گەلانی ئێران کرد و بە دوای بە سەرکۆمار کردنەوەی ئەحمەدی نەژاد، داوای لە وەزیری کاروباری دەرەوەی وڵاتەکەی کرد تا سەفیری ئێران لە هولەند دەر بکا و دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد بە ڕەسمی نەناسێ.

# وەرگیرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان وەك ئەندام لە کۆمەڵەی نۆروێژیی ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا

لە دوا کۆبوونەوەی گەورە بەرپرسانی کۆمەڵەی نۆروێژیی ڕیکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیار درا کە ڕیکخراوی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەك ئەندامی ئەو رێکخراوە وەربگرێت.

لە ناوەرۆکی نامەیەکدا کە ئەم کۆمەڵەیە لەم بارەوە بۆ یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستانی ناردوە، هاتووە کە: "ئێمە بە شانازییەوە ڕێکخراوەکەتان، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەك ئەندام وەردەگرین و هیوای سەرکەوتن لە کارو چالاکییەکانتان دا بە ئاوات دەخوازین.

وەرگیرانی یەکیەتیی لاوان بە ئەندامی کۆمەڵەی نۆروێژیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئاکامی پێوەندی بەردوام و هەوڵ و تەقەلای ئەندامانی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵاتی ئەو ڕێکخراوەیە دەستەبەر بووە.

شایانی باسی کۆمەڵەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نۆروێژ ئەندامی فیدراسیۆنی جیهانیی ئەنجومەنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە و بۆ ئەوە تێ دەکۆشێ کە تێگەیشتن لە پرسەکانی سیاسەتی جیهانی و هاریکاریی نێونەتەوەیی بەتایبەت لە رێگای پەروەردە و مێدیاوە لەنێو گرووپە پێوەندیدارەکانی پەرە پێ بدات

# کوژرانی کاسبکارێکی دیکەش لە ناوچەی سەردەشت بە هۆی تەقەی هێزەکانی رێژیمەوە



لە درێژەی هێرش و پەلاماری هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی بێ تاوانی کوردستان و کوشتاری بێبەزەییانەی خەڵکی هەژارو کاسبکار، شەوی دووشەممە، ١١ی خەزەڵوەر پۆلێك کاروانچی لە شاخی قەڵاتی بەرامبەر بە شێوەبانە، لە نێوان گوندەکانی دەرماناوێ و دۆڵەگەرم کەوتنە بەر دەستڕێژی ئەو هێزانە و لە ئاکامدا کاسبکارێکی خەڵکی گوندی قەلەرەشێی ناوچەی سەردەشت بە ناوی قادری ئەحمەد پوور کوڕی خاڵ محەممەد ناسراو بە قالە سوور، بە توندی بریندار بوو.


بە پێی ئەو زانیارییانەی کە وەدەستی کوردستان و کورد نیوز گەیشتوە، قادری ئەحمەد پوور بۆ رزگارکردنی گیانی بە برینداری، بەرەو دۆڵی شێوەبانە را دەکا ، بەڵام لە بەر قووڵبوونی برینەکەی لە دۆڵی شێوەبانە گیانی لە دەست دەدا.

لە درێژەی زانیارییەکانی ئەو سەرچاوەیەدا هاتوە: سەرلەبەیانیی رۆژی سێشەممە، ١٢ی خەزەڵوەرکاتێك رێبواران و کاسبکارانی ناوچەکە بەو شوێنەدا تێ دەپەڕن، تەرمەکەی دەدۆزنەوە و دوای ئاگادار کردنەوەی بنەماڵەکەی تەرمەکەی بۆ شاری سەردەشت دەگوازنەوە.

# لە نێوچوونی دیواری "جێ راوی خوسرەو" لە ناوچەی مێژوویی تاقوەسانی کرماشان

بە هۆی خەمساردی و خۆ گێلکردنی بەرپرسانی ئاسەوارە مێژووییەکانی پاریزگای کرماشان بەشێك لە دیواری "جێ راوی خوسرەو" لە ناوچەی مێژوویی تاقوەسانی کرماشان بە هۆی بارانی بە خوڕی ئەو دواییانە رووخا و لە نێو چوو.

دوابەدوای لە نێوچوونی دیواری "جێ راوی خوسرەو" لە ناوچەی مێژوویی تاقوەسانی کرماشان سەرپەرستی لێژنەی گەڕانی ئەو ئاسەوارە سەبارەت بەو رووداوە بە ئاژانسی هەواڵدەریی "میهر"ی راگەیاندوە کە پارێزگاری کردن لەو ئاسەوارە ئەرکی سەرشانی ئەو نیە و ئیدارەی میراتی کلتووری دەبێ لەوبارەوە وڵامدەر بێ.



دیارە خەمساردی لە بەرامبەر ئەو ئاسەوارە مێژووییە پڕ بایەخەی کورد و مرۆڤایەتی شتێکی نوێ نیە و هەر لە ساڵی ١٣٨٥ ی هەتاوییش دا سەرەڕای هاواری دڵسۆزانەی خەمخۆرانی ئەو ئاسەوارە مێژووییە بەشێك هەر لەو دیوارەی "جێ راوی خوسرەو" بە بڕیاری پاریزگای کرماشان تەنیا لە بەر دروستکردنی پردێکی هەوایی لەو شوێنەدا رووخێندرا.

هەر لەو پێوەندییەدا ئاسەواری قەڵای مێژوویی "قەبان" لە ناوچەی ماکۆش بە هۆی کەمتەرخەمیی بەرپرسانی رێژیمەوە خەریکە دەڕووخێ. ئەو قەڵایە لە لایەن ئیدارەی میراتی کلتووریی پاریزگای ورمێوە هیچ بایەخێکی پێ نادرێ و رێژیمیش تا ئێستا نەك هیچ هەوڵێکی بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو قەڵایە نەداوە، بگرە بە دروستکردنی مزگەوتێك لە پاڵ ئەو قەڵایەدا هەوڵی ئەوەی داوە کە لە گرینگی وبایەخی ئەو قەڵایە کەم بکاتەوە.

هەروەها هێندێك لە کاربەدەستانی رێژیم لەو ناوچەیە بە هاوکاریی چەند بەکرێگیراوی رێژیم خەریکی دەرهێنانو بە تالانبردنی ئاسەوارە مێژووییەکانی ئەو قەڵایەنو تا ئێستا بە دەیان شوێنی ئەو قەڵایەیان بەو مەبەستەوە رووخاندوە.

# لە خۆپیشاندانی ١٣ ی خەزەڵوەری شاری نەغەدەدا تێکهەڵچوون رووی دا

رێپێوانی رۆژی ١٣ ی خەزەڵوەر لە شاری نەغەدە شەڕو ئاڵوزیی تێ کەوت.

لە کاتی ئەو خۆپیشاندانەدا و لە کاتێك دا کە کۆمەڵێك کەس دروشمی دژی حکوومەتیان دەگوتەوە، لە نێو خەڵکی خۆپیشاندەر دا تێکهەڵچوونێکی زۆر هاتە ئاراوە و ئەو تێکهەڵچوونە لە دواجار دا بۆ شەڕ و پێکدادانی کۆمەڵێك لە کوردەکان و ئازەرییەکانی ئەو شارە شکایەوە.

شایەتحاڵەکانی ئەو رووداوە باس لەوە دەکەن کە لە کاتی تێکهەڵچوونەکەدا پۆلیسی دژە شۆڕش و هێزە ئینتزامی و ئەمنییەتییەکانی رێژیم لەو شارە هیچ دژکردەوەیەکیان لەهەمبەر ئەو تێکهەڵچوونەی خەڵك نیشان نەداوە و هاوکات هێزەکانی لیباس شەخسی و ئیتلاعاتییش وێنە و فیلمی خەڵکیان هەڵ گرتووە و تەنانەت هانی خەڵکیان داوە بۆ بەرینتر کردنەوەی ئەو تێکهەڵچوونانە.

زانیارییەکانی گەیشتوو بە کوردستان و کورد نیوز لەو پێوەندییەدا باس لەوە دەکەن کە کە کۆمەڵێك لە خۆپێشاندەرە کوردەکان دروشمی دژ بە رێژیمان بەرز کردۆتەوە و چەند کەسێکیش لە رەوتی ئەو رووداوانەدا دەستبەسەر کراون کۆمەڵێك لە شایەتحاڵەکەنی ئەو رووداوە ئاماژە بەوە دەکەن کە نیشانەکانی بەر لە رووداني ئەو تێکهەڵچوونە ئەوە دەردەخەن کە ئەو تێکهەڵچوونانە لە چوارچێوەی پیلانی لەپێشدا داڕێژراوی هێزە ئەمنیەتییەکانی رێژیم لە شاری نەغەدەدا رووی داوە.

درێژەی:

# لە خۆپیشاندانەکانی رۆژی ١٣ی خەزەڵوەردا زیاتر لە ١٠٠٠ کەس دەسبەسەر کراون

جێی وەبیر هێنانەوەیە کە رۆژی ١٣ی خەزەڵوەر لە تاران و چەندین شاری گەورەی دیکەی ئێران وەکوو مەشهەد، شیراز، رەشت و ئیسفەهان خۆپیشاندان دژی رێژیم بەڕێوەچوو کە ئەو خۆپیشاندانانە لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە توندوتیژیی لێ کەوتەوە ژمارەیەك لە خۆپیشاندەران بریندار بوون. لە تاران هێزەکانی دژە شۆڕش بە باتۆم و گازی فرمێسك رێژەوە هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەران و لەو نێوەش دا چەند کەس لە نزیکانی مێهدی کەڕووبی بریندار بوون. خۆپیشاندەران بە ڕاشکاوانە دروشمیان دژی خامنەیی رێبەری رێژیم دەوتەوە ئاستی بەشداری لەو خۆپیشاندانەدا بەرادەیەك بوو کە لە کاتی وتار خوێندنەوەی حەداد عادڵ راستەوخۆ لە تەلەویزیۆنی رێژیم بڵاو دەبووەوە، دەنگی دروشمی خۆپیشاندەرانی دژی رێژیم دەبیسترا.

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەك بۆ پشتگیری لە چالاکانی بەندکراوی کورد لە ستۆکهۆڵم

سەرلەبەیانیی ڕۆژی شەممە، ٩ ی خەزەڵوەر(٣١ی ئۆکتۆبری ٢٠٩) بە بەشداریی سەدان کەس لە کوردەکانی دانیشتووی ئوورووپا کۆبوونەوەی پشتگیری لە چالاکانی بەندکراوی کورد لە شاری ستۆکهۆڵم پێتەختی وڵاتی سۆئێد لە ژێر درووشمی "نا بۆ سێدارە" و "زیندانیی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ" بەڕێوەچوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیارنامەیەك پەسەند کراو و لەودا داوا لە ئێران کرا کە بە زووترین کات لە سێدارەدانی زیندانیان بوەستێنێ.

شایانی باسە کە خاتوو "ویدان ئاکرەیی" سەرۆکی "ڕێکخراوی بەرگری نێونەتەوەیی" داوای ڕاگرتنی خێرای بڕیاری لەسێدارەدان بە تایبەت لەسەر چالاکانی کوردی کرد و خوازیاری ئەوە بوو کە ئەو زیندانییانە لە دادگایەکی دادپەروەرانە و بە گوێرەی پێوانە نێودەوڵەتییەکان دادگایی بکرێنەوە.

شایانی باسە ئێستا ١٣ چالاکی خوێندکاری و مەدەنی و سیاسیی کورد لە لایەن دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامییەوە بە تۆمەتەکانی هەوڵدان دژی ئەمنیەتی نەتەوەیی و موحاریبە واتە دژایەتی کردنی خودا و لایەنگری و ئەندامەتی لە حیزبێکی کوردیدا بە ئیعدام مەحکووم کراون.

# بەشداریی یەکیەتیی لاوان لە کۆنفرانسی پەروەردە و فێرکردنی یەکیەتیی ئوروو پادا



لە ڕێکەوتی ٢٦ تا ٢٨ ئۆکتۆبری ٢٠٠٩ دا، پارلمانی ئورووپا کۆنفرانسێکی لە ژێر ناوی " کۆنفراسی کۆتایی پارلمانی ئورووپا بۆ پرۆژەی سیاسەتی هاوبەش لەمەڕ "پەروەردەو فێرکردن لە کۆمەڵگا و کلتوورە جیاوازەکان" بە بەشداریی ژمارەیەك پسپۆر و شارەزا لە بواری پەروەرەو فێرکردندا لە شاری ئۆسلۆی پێتەختی وڵاتی نۆرویژ بەڕێوەبرد.

تریفەی ئوستادی ئەندامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خوێندکاری بەشی مامۆستایەتی بە نوینەرایەتیی خوێندکارانی زانکۆ و کۆلێژەکانی زانستی لە وڵاتی نۆرویژ بەشداریی لە کۆنفرانسەکەدا کرد.

ئەو کۆنفرانسە کە لە لایەن پارلمانی ئورووپاوە بەڕێوە چوو، بە مەبەستی دارشتنی سیاسەتێکی هاوبەش بۆ وڵاتەکانی ئەندام و بەرئەندام لە یەکیەتیی ئورووپا لەمەڕ سیاسەتی پەروەردەو فێرکردن لە کۆمەڵگا و کلتوورە جیاوازەکان لە چوارچێوەی سنووری ئەو یەکیەتییە دا ڕێکخرابوو.

تریفە ئوستادی لەو کۆنفرانسەدا کورتە باسێکی لە سەر ئەو فشارو کەند و کۆسپانە پێشکەش بە بەشدارانی کۆنفرانسەکە کرد کە لە لایەن ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر کوردستان بە تایبەت کۆماری ئیسلامیی ئێران و حکوومەتی تورکیە بەرەورووی زمان و کولتووری کورد دەبنەوە.

شایانی باسە لەو کۆنفرانسەدا نوێنەرانی چەند وڵاتی وەکوو ئۆستڕالیا ، نۆرویژ ، ئاڵمان ، ڕۆمانی ، تورکیە ، ئیرلەند و دانمارك و هەروەها چەند ڕێکخراوی جیهانی وەکوو یۆنسکۆ ، ئالێسکۆ و ئاتێ، بەشدار بوون

# دروستکردنی دیواری چوارسەد کیلۆمیتری لەسەر سنووری کوردستان

کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان دیوارێك بە درێژایی چوارسەد کیلۆمیتر دروست دەکا.

بە گوێرەی هەواڵی ڕادیۆی دیجلە، کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو دیوارە بێتۆنییە بە درێژایی ٤٠٠ کیلۆمیتر لەسەر سنوورە شاخاوییەکانی هەرێمی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست دەکا.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بە هۆی تۆپبارانکردنیان لە لایەن سپای پاسداران و هێزە نیزامییەکانی دیکەی ئێرانەوە ، دۆخێکی ئاڵۆزیان بەخۆیانەوە دیتوە و بە دەیان



گوندی ناوچە سنوورییەکان لە خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە بێبەش بوون و دانیشتوانی گوندەکانی ئەو ناوچانە ناچار بوون ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ بێڵن.

لە لایەکی دیکەشەوە وتەبێژو ئەندامی فەرماندەیی هێزەکانی پاراستنی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند دروستکردنی دیوار لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لەسەر سنوور، هیچ پەیوەندییەکی بە هەرێمی کوردستانەوە نییە.

جەبار یاوەر، وتەبێژو ئەندامی فەرماندەیی هێزەکانی پاراستنی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بە ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر ڕایگەیاند: دروستکردنی دیوارێك بە درێژایی ٤٠٠ کیلۆمەترە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بە درێژایی سنوورەکانییەوە، پلانێکی کۆنە و سێ ساڵە کۆماری ئیسلامی ئێران باسی دەکات.

گوتیشی: تا ئێستا ئێران توانیویەتی تەنیا ٦ کیلۆمەتر ئەنجام بدات، ئەوەش لە نزیك سنووری (حاجی ئۆمەران)ەوەیە، هەروەها هەندێ چاڵی گەورەشی لە سنووری قەڵادزێ و سەردەشت دروست کردوە، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بە شێوەکی نا یاسایی هاتوچۆ نەکرێت.

# هەوڵێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی بۆ چەکدارکردنی خەڵکی کوردستان

کاربەدەستانی ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی ماوەیەکە هەوڵێکی نوێیان بۆ چەکدار کردن و بە بەسیجی کردنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت دانیشتووانی ناوچەی سەردەشت دەست پێ کردوە.

بە پێی ئەو زانیارییانەی کە بە ناوەندی هەواڵی کوردستان و کورد نیوز گەیشتوون، هێزەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە خەڵکی ئەو ناوچەیەیان ڕاگەیاندوە کە هەرکەس لەشەڕی ئێران و عێڕاقدا بەشداریی کردبێ یان لەو کاتەدا سەرباز بووبێ ، مانگانە ٢٥٠ هەزار تمەنیان پێ دەدرێ و بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ سەردانی پایگاکانی بەسیج بکەن و ناوی خۆیان تۆمار بکەن.



بە گوێرەی زانیارییەکانی ئەو سەرچاوەیە، تا ئێستا چەند کەس سەردانی ئەو پایەگایەیان کردوە بە بێ ئەوەی بزانن کە ئەوە داوی ئەو هێزانە بۆ چەکدار کردن و دواتر سیخوڕی پێ کردنیان لە سەر خەڵکە.

شایانی باسە کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە تا ئێستا هێزە ئەمنیەتیی و نیزامییەکانی ڕێژیم لە هەموو ڕێگایەك بۆ چەکدار کردنی خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان کەڵکی وەرگرتوە بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە ئەو پلانەیان وەك چۆن دەیانەوێ جێبەجێی بکەن.

# بەڕێوە چوونی ڕێوڕەسمێك بۆ ڕێزگرتن لە جاشەکانی مەهاباد!

کوردستان و کورد نیوز: ڕۆژی چوارشەممە ٦ی خەزەڵوەر ڕێوڕەسمێك بە بەشداریی فەرماندەی سپای پاسداران، سەرۆك عەشیرەتەکان و نیزیکەی هەزار و ٥٠٠ جاش بۆ ڕێزگرتن لە جاش و خۆفرۆشەکانی شاری مەهاباد لە ساڵۆنی کۆبوونەوەکانی وەحدەتی مەهاباد بەڕێوەچوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا محەممەد عەلی جەعفەری فەرماندەی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی قسەی بۆ بەشدار بووان کرد و لەودا باسی لە ڕۆڵێ بە وتەی ناوبراو پێشمەرگە موسڵمانەکان واتە جاش و خۆفرۆشەکان لە کوردستان کرد.

فەرماندەی گشتیی سپای پاسداران لەو کۆبوونەوەیەدا هەروەها مزگێنیی بەو جاشانە دا کە لە داهاتوویەکی نیزیك دا ، تەعاونییە سنوورییەکان بۆ عەشیرەتەکانی پارێزگای ورمێ دادەمەزرێ و لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەش دا خەڵاتی تایبەتی بە سەر جاشەکان دا دابەش کراوە و بە هەر کام لە سەرۆك جاش و سەرۆك عەشیرەکانی بەشدار لەو کۆبوونەوەیەدا سکەیەکی زێڕی بەهاری ئازادی وەك دەسخۆشانەی جاشایەتی دا.

# سەردانی شاندیکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بنکەی ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕ

ڕۆژی چوارشەممە ٦ ی خەزەڵوەر (٢٨-١٠-٢٠٠٩) هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاك عومەر باڵەکی، نوێنەری حیزبی دێموکڕات لە شاری هەولێر سەردانی بنکەی سەرکردایەتیی ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕیان کرد و لە لایەن بەڕێز مامۆستا عەبدولڕەحیم مەعریفەتی، بەرپرسی کوردستانیی خەباتی شۆڕشگێڕ و هاوڕێیانی بەرپرسی ئەم ڕێکخراوە پێشوازییان لێکرا.

لەو دانیشتنە چەند سەعاتییەدا مەسەلەکانی ئەم دواییانەی کوردستان و ناوچەکە بەگشتی و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەلومەرجی ئێستا دا باسیان لە سەر کرا و هەر دوو لا سەبارەت بەو پرسانە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دانیشتنەدا پێ لە سەر دۆستایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕ دا گیرایەوە.

# خوێندکارانی زانکۆی ئیلام نەیانهێشت "ڕەحیم سەفەوی" قسەیان بۆ بکا

لە درێژەی هەوڵەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ هێور کردنەوەی دۆخی زانکۆکان، پاسدار یەحیا ڕەحیم سەفەوی سەردانی زانکۆی ئیلامی کرد، بەڵام لەگەڵ دژکردەوەی توندی خوێندکارانی ئەو زانکۆیە بەرەوڕوو بۆوە.

بە پێی هەواڵی "ایران خبر" ڕەحیم سەفەوی ڕاوێژکاری نیزامیی خامنەیی بە مەبەستی قسە کردن بۆ خوێندکاران چەند ڕۆژ لەمەوپێش سەردانی زانکۆی ئیلامی کرد، بەڵام هەر لە دەروازەی چوونە ژووری زانکۆوە لەگەڵ نارەزایەتیی بەرینی خوێندکاران و وتنەوەی دروشمگەلی دژ بە حکومەت بەرەوروو بۆوە. ئەو نارەزایەتییانە بە ڕادەیەك بوون کە ڕەحیم سەفەوی نەیتوانی بۆ یەك خولەکیش بۆ خوێندکاران قسە بکا.

درێژەی:

# پێشنیاری تازەی AIEA

بەڵام ئایا کۆماری ئیسلامی ئەم پێشنیارەش ناکا بە هەوێنێك بۆ بەدەستهێنانی زەمان و درێژەدان بەو وتووێژە تاقەت پڕوکێنانەی زیاتر لە پێنج ساڵە، شانبەشانی جێبەجێکردنی پرۆژەو بەرنامە ناوکییەکانی خۆی، ئاژانسی ناوکی و دنیای دەرەوەی پێوە خەریك کردوون؟ئەگەر سەرئەنجام ملی بۆ ئەم پێشنیارەدا، چ گەرەنتییەك هەیە کە لە دامەزراوە ئاشکراو نائاشکراکانی دا، دیسان لەسەر ڕێچکەی پێشوو نەڕواو درێژە بەپیتاندنی ئۆرانیۆم ـ بەو جۆرەی مەبەستیەتی ـ نەدا؟ لەمانەش گرینگتر، ئەگەر ئامادە نەبوو لەگەڵ ئاژانس و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی هاوکاری بکاو، بە یاخیگەری بەرنامە ناوکییەکانی خۆی بەرەپێش، دەسەڵاتە گەورەکانی جیهان و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، چۆن بەرەو ڕووی ئەم یاخیە دەبنەوە؟

شتێك گومانی تێدا نیەو هیچ گۆڕانێکی تێدا پێك نەهاتوە، ناڕاست بوونی بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دنیاو نائاشتیخوازانە بوونی ئامانجە ناوکییەکانیانە. بەڵام دوو شتی دیکە گۆڕانیان تێدا پێك هاتوە، عەزم و ئیرادەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران داو، پێگەی کۆماری ئیسلامی و بەڕێوەبەرانی لەنێو خەڵکی ئێران لە دوای کودەتای جۆزەردانی ئەمسال دا. هەر دووکی ئەم گۆڕانانەش بە زیانی ڕێژیمی ئێرانن و پۆزیسیۆنی ئەم ڕێژیمەیان بۆ درێژەدان بە یاریی تاقەت پڕووکێن لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، لاواز کردوە.

# نامەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆڕو کۆمەڵە نێو دەوڵەتییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ



زۆر بەڕێز سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێزدار، بانکیمۆن!

کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە یەکیەتیی ئورووپا!

ئەمنێستی ئینتەر ناسیۆنال !

بە ڕێزان!

هەر وەک ئاگادارن ماوەی سی ساڵە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی توتالیتێرو دژی ئینسانی بە سەر گەلانی ئێران دا فەرمانڕەوایی دەکا و بۆ سەرکوتکردنی هەر دەنگێکی نارازی ئەو پەڕی توندو تیژی بەکار دێنێ. ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ئەو ڕاستییەن.لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کردەوە دژی ئینسانییەکانی ڕژیم لە کوردستان دا، بە بەراورد کردن لە گەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران، تا ڕاددەیەکی زۆر توندوتیژتریش بوون. کوشتاری بە کۆمەڵ، تیرۆری چالاکانی سیاسیی کورد لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان، ئیعدامو زیندانی کردنو ڕاگواستنی چالاکوانانی بواری سیاسی، فەرهەنگی، مافی ژنان، مافی مرۆڤو کوشتاری کاسبکارانی سەر سنورەکان لە کوردستان دا پراکتیکی ڕۆژانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمن. جگە لەوە بە هۆی میلیتاریزە کردنی کوردستانو بڵاو کردنەوەی نیزیک بە دوو سەد هەزار کەس هێزی نیزامی لە تەواوی شارو گوندەکانی کوردستان دا، دەرەتانێک بۆ ژیانی ئاسایی کۆمەڵانی خەڵک نەماوەتەوە.

لەم ساڵانەی دوایی دا کە ڕێژیم دەزانێ پێگەی کۆمەڵایەتیی نەماوەو بەرەرووی جوولانەوەیەکی سیاسیو مەدەنی بۆتەوە، بە تایبەت لە کوردستان دا دەستی داوەتە نیزامی کردنێکی بێ وێنە. هەر لەو چوارچێوەیە دا هێرش بۆ سەر تەواوی چالاکوانانی کورد لە هەموو بوارەکانی سیاسی، مافی مرۆڤ، ژنان، لاوان، فەرهەنگی دا زیادی کردووەو کوشتنو گرتنو ڕاورووتی خەڵکی کاسبکارو زەحمەتکێش بەرەو ژوور چووە.

ئەگەر چاوێک بە ئاماری تەنیا سێ مانگی هاوینی ڕابردووی وەزعی مافی مرۆف لە کوردستان دا بخشێنین تراژێدیایەکی دڵتەزێنمان دێتە بەرچاو کە بە هیچ شێوەیەک لە سەردەمی ئێستا دا قەبووڵ ناکرێو دژایەتیی هەیە لەگەڵ تەواوی بڕیارەکانی نێونەتەوەیی لە بواری مافی مرۆڤ دا.

کوشتنی زیاتر لە ٦٠ کەس لە دانیشتووانی کوردستان بە هۆی تەقە کردنی هێزەکانی ڕێژیمو بریندارکردنی ٢٨کەس، گرتنی ٧٦ کەس لە چالاکانی مەدەنیو سیاسی، کە ٣٠ کەسیان تا ئێستا بە بێ هیچ تاوانێک زیندانیی ٦مانگ تا ٢٥ ساڵیان بۆ بڕاوەتەوە، ئامارێکی دڵتەزێنە.

جگە لەوە تا ئێستا زیاتر لە ١٠کەس حوکمی لە سێدارەدانیان بە سەر دا سەپاوەو لەگەڵ مەترسیی جێبەجێکردنی ئەو حوکمە بەرەروون.

ئێمە لە، بارەی هەموو ئەو کردەوانەی ڕێژیم ئامارو زانیاریی زیاترمان بە دەستەوەیە. هەر وەها ڕاپۆرتەکانی ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ( بڕواننە ڕاپۆرتی مانگی جوولای٢٠٠٩، لەسەر پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران دا)و ڕێکخراوەکانی دیکەی چالاک لە بواری مافی مرۆڤ دا بەڵگەن بۆ ئەو بانگەشەیەی ئێمە.

ئێمە سەرنجی ئێوە بەڕێزان بۆ لای ئەو وەزعە نالەبارە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی ئێران دا پێکی هێناوە ڕادەکێشینو داوادەکەین بەمەبەستی داکۆکی لە سەرەتاییترین مافەکانی دانیشتووانی ئەم ناوچەیەو پێشگیری لە پیشێل کردنی سیستەماتیکی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران، ئەرکی ئینسانیو ڕێکخراوەیی خۆتان بە جێ بێننو بە شێوەیەکی گونجاو گوشار بخەنە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران.

چاوەڕوانی وەڵامو کردەوەی ئینساندۆستانەتانین

لەگەڵ ڕێزی زۆر

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتی حیزبی

دیموکراتی کوردستان

١٨ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٩

**داوا دەکەین بە مەبەستی داکۆکی لە سەرتاییترین مافەکانی دانیشتووانی ئەم ناوچەیەو پێشگیری لە پێشێل کردنی سیستەماتیکی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران، ئەرکی ئینسانی و ڕێکخراوەیی خۆتان بە جێ بێنن**

# درێژەی هەواڵ و ڕێپۆرتاژ

## بەشداریی وەفدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی حیزبی سوسیال دێموکراتی سوێد

ڕۆژی چوارشەممە، ٦ی خەزەڵوەر کۆنگرەی حیزبی سوسیال دێموکراتی سوێد لە ستۆکهۆڵم پێتەختی ئەو وڵاتە دەستی پێ کرد. ئەم کۆنگرەیە کە ناوی کۆنگرەی کاری پێ درا تا ١١ی مانگی خەزەڵوەر درێژەی کێشا. لە پەراوێزی ئەم کۆنگرەیە دا سێمینارێك بۆ میوانە بیانی‌یەکانی کۆنگرە لەبارەی سیاسەتی حیزبی سوسیال دێموکرات ڕێك خرا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە دوای بانگهێشتی فەرمیی لە لایەن حیزبی سوسیال دێموکرات بە وەڤدێکی سێ کەسی بەشداریی لەو سێمینارە دا کرد.

لەو سێمینارە دا بەرێزان خاتوو مارگۆت والسترۆم جێگری سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئورووپا و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی حیزبی سوسیال دێموکرات و ئاغای بیۆرن ڤۆنسیدۆف ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی حیزب باسی پرۆسەی ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتی حیزبی ناوبراویان کرد. ئەم پرۆسەیە کە ٢ ساڵ لەوە پێش دەستی پێ کردووە ئەو تەوەرانە دەگرێتە خۆ: سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، کار، کەش و هەوا، دونیای دەرەوە و کولتور. بۆ هەر یەك لەم تەوەرانە ڕاپۆرتێك ئامادە کراوە کە لە درێژەی کۆنگرەدا باسیان لێ کرا و پەسەند کران. لە ماوەی ئەو ٢ ساڵە دا ٥٠٠٠٠٠ مرۆڤ لە فۆرمدان بەو ڕاپۆرتانەدا بەشدارییان کردووە.

## سەرکەوتنی بەرچاوی وەرزشکارانی حیزبی دێمۆکرات لە پێشبڕکێ وەرزشییەکانی باشووری کوردستان

ڕۆژی پێنج شەممە، ٣٠ڕەزبەر پێشبڕکێیەکی ئوستانیی ۆۆشۆ– کۆنگفۆ لە شاری هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان لە لایەن ناوەندی ۆۆشۆی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەچوو.

لەو پێشبڕکێیەدا تیمێکی وەرشیی کۆنگفۆ لە لایەن وەرزشکارانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە بەشدار بوون و لەو پێشبڕکێیانە دا چەند پێشمەگەیەکی وەرزشکاری حیزبی دێموکڕاتی پلەی بەرزیان وەدەست هێنا کە بریتی بوون لە :

لە کێشی ١٠٠ کیلۆ دا پەیمانی سەعد پلەی یەکەم، لە کێشی ٨٠ کیلۆدا یوونسی فەرهەنگ نیا پلەی یەکەم و مەنسووری حەسەنزادە پلەی دووهەمیان وەدەست هێنا . هەروەها لە کێشەکانی ٧٥ کیلۆدا عیسا محەممەدی و سامانی ڕەمەزانی پلەی دووهەم ،لە کێشی ٧٠ کیلۆدا هەژاری ڕەزم پلەی دووهەم ، لە کێشی ٦٥ کیلۆ دا مورسیلی قادری پلەی دووهەم ، لە کێشی ٦٠ کیلۆ کامیاری حوسێنی پلەی دووهەم ، لە کێشی ٥٥ کیلۆ دائاکامی قادری دووهەم ، لە کێشی ٥٤ کیلۆ بەهمەنی قوربانی پلەی دووهەم ، و لە کێشی ٥٠ کیلۆ دا بێهروزی کارسانە پلەی دووهەمیان وەدەست هێنا.

شایانی باسە کە ئەو پۆلە وەرزشکارانەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بۆ پێشبڕکێیەکانی ئاستی وڵات لە عێڕاق هەڵبژێردراون.

## بێ سەر و شوێن بوونی برای ئە نوە ر حوسێن پەناهی لە قوروە

پاش گیان لەدەستدانی گوماناویی ئە شرەف حوسێن پەناهی، برای ئە نوەر حوسێن پەناهی ئەمجارەیان ئەفشین حوسێن پەناهی بێ سە روشوێن کراوە.

لەمبارەوەوە یەکیەتیی بنەماڵەی چالاکانی بەندکراوی کورد ڕایگەیاند کە سەر لە بەیانیی ڕۆژی چوار شەممە، ٢٩ ڕەزبەر ئەفشین حوسێن پەناهی برای چالاکی بەندکراوی کورد، ئە نوەر حوسێن پەناهی بە بێ نیشاندانی بەڵگەی یاسایی دادگا لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی شاری قورووەوە ، لە ماڵەکەی خۆیدا لە ئاوایی قوڕیچیا قۆڵبە ست کراوە.

ئە فشینی تەمەن ٢٠ ساڵە کە پاش کوژرانی گوماناوی ئە شرەڤ برای، بە دوای پەروەندەی ئەنوەردا دەچوو، چەند جار لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە بە شێوەی کاتی قۆڵبوست کرابوو.

بە گوێرە ی زانیارییە کانی ئەو سەرچاوەیە، پاش مردنی ئە شرەف, ئەو بنە ماڵەیە چە ند جار لە لایەن ئیتلاعاتەوە هە ڕەشەیان لێ کراوە کە بە دوای پە روەندە ی ئە نوەر و ئە شرەف دا نەچن.

شایانی باسە ساڵی ڕابردوو ، ئە شرەڤ برای ئە نوەری حوسێن پەناهی، پاش هەڕەشەی هێزە ئیتلاعاتییەکانی شاری قوروە ، بە شێوەیەکی گوماناوی درایە بە ر دەسرێژی گوللە و گیانی لە دەست دا.

## بەڕێوەچوونی کۆنسێرتی ئەنستیتۆی ئەندێشەی ئەحمەدی خانی لە شاری ورمێ

لە ڕۆژانی ٢٩ی ڕەزبەر تا ١ی گەڵاڕێزانی ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی، ئەنستیتۆی ئەندێشەی ئەحمەدی خانی لە شاری ورمێ و لە سینەمای ئازادی خەییامی جنووبی ئەو شارەدا کۆنسێرتێکی گۆرانیی کوردی بەڕێوە برد.

ئەم کۆنسێرتە لە لایان گرووپی خانی و بە بەشداری فێرگەی مۆسیقای ماهوور و گۆرانی بێژان ئیبراهیم ڕەواندڵ، جەوادی یووسفی و ئیسمائیلی سووری بە دوو زاراوەی کورمانجی ژوروو و سۆرانی پێشکەشی ئامادەبووان کرا.

شێرکۆ بەیتاسی بەرپرسی بەشی مۆسیقای کۆنسێرت و حامیدی ئیسماعیلوەند، بەرپرسی سەرەکی ئەم کۆنسێرتە باسیان لە ڕەزامەندی و پێخۆشبوونی ئامادەبوانی ئەو کۆنسێرتە لە بەرهەمە هونەرییەکانی کۆنسێرتەکە کردوە و هەروەها کۆمەڵێکی بەرچاو لە بەشداربووان کە خوێندکارانی زانکۆیەکانی ورمی و میوانی شارەکانی تر بوون بە هەڵپەرکێ و شادیەوە پێشوازیان لەو چالاکییە هونەرییە کردوە.

شایانی باسە کە پێشوازیی خەلك لەو کۆنسێرتە بە ڕادەیەك بوو کە هۆڵی سینەما پڕ لە ئەویندارانی گۆرانی ڕەسەنی کوردی بوە وخەڵکێکی زۆریش لە هۆگرانی مۆسیقا و هونەری کوردی لە پشتی دەرگای سینەما مابونەوە.

## خۆکوژیی کچە قوتابییەك لە شاری سنە

بە پێی ڕاپۆرتی سنە نیوز، ڕۆژی سێشەممە ١٢ی خەزەڵوەر قوتابییەکی قۆناغی ناوەندی لە قوتابخانەی " هۆیە"ی هەڵکەوتوو لە ناوچەی کەلاتەرزانی سنە ، بە هۆی پێبوونی کولوپەلی خۆجوانکردن، لە لایەن بەڕێوەبەرە بەسیجییەکی قۆتابخانەکەی سووکایەتی پێ دەکرێ و هەڕەشەی سزادانی لێ دەکرێ. هەر لە ژێر ئەو فشارانەدا و دوای شکاندنەوەی ئەو کچە لە لای هاوپۆلەکانی ئەم کچە پەنای بۆ بەر خۆسووتاندن بردوە و لە ئاکامدا ٨٠ لەسەدی لەشی سووتاوە.

شایانی باسە ئەو کچە ئێستا لە ژێر چاوەدێری پزیشکی دایە.

## ڕوودانی زۆرترین ڕێژەی تەڵاق لە ئێراندا لە پارێزگاکانی سنە و کرماشان دا



کوردستان و کورد نیوز: بە پێی وتەی جێگری ناوەندی زانیاری و ئاماری شووڕای کلتووری و کۆمەڵایەتی ژنان، ڕێژەی تەڵاقدان لەچاو کۆی گشتیی حەشیمەت نیشان دەدا کە پارێزگای سنە بە ٢١ دەرسەدی تەڵاق، پارێزگای تاران بە هەمان ڕێژە و پارێزگای کرماشان بە ١٩دەرسەدی تەڵاقدان پلەی سەرەوەی ئاماری تەڵاقیان لە ئاستی ئێراندا گرتۆتە دەست.

شارەزایانی بواری کۆمەڵایەتی هۆکاری ئەو ڕێژە زۆرەی تەڵاق لەو دوو پارێزگایەی کوردستان بۆ شەپۆلیماڵوێرانکەری بێکاری و هەژاری، گیرۆدە بوون بە ماددە هۆشبەرەکان و زۆر گرفتی دیکە دەگەڕێننەوە کە ئەمڕۆکە داوێنی کۆمەڵگای کوردستانی گرتوە و ڕۆژ نیە کە سەدان کەس و دەیان لاوی کورد لە ژنان و پیاوان بە هۆی ئەو گرفتانەوە هێلانە و کاولانی ئاوات و ئارەزووەکانیان تێك نەدرێ و پەنا بۆ جیابوونەوە و تەڵاق نەبەن. ئەوە لە کاتێك دایە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هیچ هەنگاوێکیان بۆ چارەسەری گرفتەکان و پێشگرتن لە پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە هەڵ نەگرتوە و بێکاری لەو پارێزگایانەی کوردستان وەك هۆکاری سەرەکیی لەبەریەك هەڵوەشانی تەڵاق تادێ پتر پەرە دەستێنێ.

# دوو قۆناغی جیاواز لە بۆنەیەك دا

مستەفا مەعرووفی

سی ساڵ لەمەوبەر لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ دا سەفارەتی ئەمریکا لە تاران لەلایەن ژمارەیەك خوێندکاری لایەنگری ئایەتوڵلاخومەینییەوە کە بە "خوێندکارانی پێڕەوی خەتی ئیمام" دەناسران داگیر کرا. ئەو خوێندکارانەکارمەندو دیپلۆماتەکانی ئەمریکایان بە بارمتە گرتو بۆ ماوەی ٤٤٤ رۆژان رایان گرتن. ١٣ی خەزەڵوەری ئەم ساڵ ٣٠ ساڵ بەسەر ئەم رووداوە دا تێ دەپەڕێ. دروشمی خوێندکاران لە ١٣ی خەزەڵوەری ئەم ساڵ دا راست بە پێچەوانەی دروشمی خوێنداران لە ١٣ی خەزەلوەری ١٣٥٨ دایە. دروشمی "مەرگ بۆ رووسیە" جێی "مەرگ بۆ ئەمریکا"ی گرتۆتەوە. "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" جێگەی "لبیك" بۆ رێبەرانی رێژیمی گرتۆتەوە. ئەگەر ئەوکات سەفارەتی ئەکریکا لە تاران وەك "هێلانەی جاسووسی" ناوی دەبرا، ئەم ساڵ سەفارەتی رووسیە وەك هێلانەی جاسووسی ناوی برا. ئەگەر ئەوکات زانستگە ببوو بە یەکێك لە پێگە گرنگەکانی رێژیمو ناوەندی رووداوەکان، ئێستا لەگەڵ ئەوە دا کە یەکێك لە ناوەندەکانی رووداوەکانە، بەڵام سەنگەرێکی پتەوە لە دژی رێژیم.

لێرە دا زۆر پرسیار دێنە پێش کە بۆچی لە ماوەی ئەو ٣٠ ساڵە دا ئەو گۆڕانە ١٨٠ دەرەجەیە رووی داوە؟ بۆچی ئەو کات خوێندکاران دروشمیان لە دژی ئەمریکا دەداو ئێستا دروشمەکانیان بۆنی لایەنگری لە ئەمریکایان لێ دێ؟ بۆچی لەو نێوە دا باسی رووسیە دێتە گۆڕێ؟ چۆنە زانسنگە کە ئەو کات یەکێك لە پێگە گرنگەکانی رێژیم بوو ئێستا بۆتە سەنگەری دژایەتی لەگەڵ رێژیم؟ بۆ وەڵام دانەوە بەو پرسیارانە دەبێ چاوێك بە پێوەندییەکانی ئەمریکاو ئێران لە رابردوو دا بخشێنینەوە رەنگە بتوانین تا رادەیەك وەڵامی ئەو پرسیارانە بدۆزینەوە.

پێوەندیی ئەمریکا لەگەڵ رێژیمی شا تا رادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەریی رقەبەرایەتیی ئەمریکاو سۆڤیەتی ئەوکات دابوو کە بە "شەڕی سارد" بەناوبانگ بوو. ئێران یەکێك لە ولاتانی ژێر نفووزی ئەمریکا بوو. ئێران یەکێك لە ئەلقەکانی زنجیرێك لە ولاتان بوو کە ئەمریکا بە مەبەستی پێشگیری لە پەرەگرتنی کۆمۆنیزم پێکی هێنابوو. لە زۆربەوی ئەو ولاتانەش دا رێژیمی دیکتاتۆر لەسەر کار بوون. ئەمریکا بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی ئەو رێژیمانەی بەهێز دەکردنو پشتیوانیی لێ دەکردن. هەرچەشنە بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانەو سەربەخۆیی خوازانە کە بێگومان پێگەی ئەو رێژیمانەی لاواز دەکرد بە توندی سەرکوت دەکران. بەو رادەیەی دوژمنایەتیی رێژیمەکان لەگەل خەڵکی ولاتەکانیان قووڵتر دەبۆوە، بەو رادەیەش رقو قینی خەڵك لە ئەمریکا زیاتر پەرەی دەگرت. ئەو هەلومەرجە لە کاتی شۆرشی گەلانی ئێراندا بە تەواوی هەستی پێ دەکرا. هەربۆیەش کاتێك لە ساڵی ١٣٥٧ دا رێژیمی شا رووخا بە مانای نەمانی حوزووری ئەمریکا لە ئێران دا بوو. دوای رووخانی رێژیمی شا تاقە هێزێك لە مەیدانی سیاسیی ئێران دا بەدی نەدەکرا کە دۆستی ئەمریکا بێ. بە تایبەتییش خەڵکی ئێران بیرەوەرییەکی زۆر تاڵیان لە کودیتای هاوبەشی شاو دەوڵەتی ئەمریکا لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی دا لە دژی حکوومەتی نیشتیمانیی دکتور محەممەد موسەدیق دا هەبوو. لە پاش شۆرشی گەلانی ئێران دا هێزێك دەی توانی سەرنجی زیاتر بۆ لای خۆی رابکێشێ کە بتوانێ زیاتر دوژمنایەتیی خۆی بە ئەمریکا بسەلمێنێ. چەپەکان تەنانەت پێش ئایەتوڵلا خومەینییش هەوڵێکی ئەوتۆیان دا. دوو رۆژ دوای سەرکەوتنی شۆرش هێرشێکیان بۆ سەر سەفارەتی ئەمریکا کرد کە لەلایەن دەوڵەتی کاتی بە رێبەرایەتیی مەهدیی بازرگان پێشی پێ گیرا. بەڵام ئەوە بە فەرمانی خومەینی بوو کە لە رۆژی ١٣ی خەزەلوەر دا سەفارەتی ئەمریکا داگیر کراو موهەندیس مەهدیی بازرگانو کابینەکەی بە نیشانەی ئیعتراز دەستیان لە کار کێشایەوە.

رووسیەی ٣٠ ساڵ دوای ئەو رووداوانە رۆڵێك یاری دەکا کە ئەوکات ئەمریکا لە پێوەندی لەگەل رێژیمی شا دا دەیکرد. پشتیوانی لە رێژیمێك دەکا کە پێگەی خەڵکیی لەدەست داوەو لە باری نیزامییەوە بە هێزی دەکا. کۆماری ئیسلامی گەورەترین کڕیاری چەكو تیکنۆلۆژیی نیزامی لە رووسیەیە. دەوڵەتی رووسیە زۆربەی ئەو فشارو تەحریمە نێونەتەوەییانە بۆ سەر کۆماری ئیسلامی پووچەل دەکاتەوەو دیفاع لە بەرژەوەندییەکانی دەکا. لە بەرامبەر سەرکوتی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران دا بێدەنگەو کاری بە پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامی دا نیە. هەر بۆیە خۆپێشاندانەکانی ئەم ساڵی خەڵکی ئێران بە روونی دەری دەخەن کە خەڵکی ئێران جگە لەوەی کە کۆماری ئیسلامی بە دوژمنی خۆیان دەزانن، دۆستەکانیشی بە دوژمنی خۆیان دەزانن، هەر بەو چاوە سەیری رووسیەو چین دەکەن کە لە ساڵی ١٣٥٧و ٥٨ دا سەیری ئەمریکایان دەکرد. جیرانەتیی ئێران لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت جگە لەوەی کە خاوەنی نەوت بوو، گرنگیی ستراتیژیی لەلای ئەمریکا زیاتر کردبوو. بەڵام ئێستا بەهۆی نەمانی یەکیەتیی سۆڤیەت وەك زلهێزێك، ئێران لەم روویەوە بۆ ئەمریکا ئەو گرنگییەی نەماوە. جگە لەوەش تەنیا ئەمنییەتو ئاسایش دەتوانێ بەرژەوەندی-یەکانی ئەمریکا لە نێو میللەتانی دنیا دا بپارێزێ، دەوڵەتانی دیکتاتۆر بۆخۆیان لە راست خەڵکی خۆیانەوە ئەمنییەتیان نیە تا ئەمنییەتی بەرژەوەندی-یەکانی ولاتانی دیکە بپارێزن. چارەنووسی رێژیمی شا بە روونی ئەو راستییەی سەلماند.

ئەوەی باسی کرا بریتی بوو لە هەلومەرجی نێونەتەوەیی ١٣ی خەزەڵوەر. بەڵام رووداوی ١٣ی خەزەلوەر گەلێك هۆی نێوخۆیی هەن. هەورەوك گوترا بۆ هێزێك گرنگ بوو کە سەرنجی خەڵك لە رێگەی دوژمنایەتی لەگەڵ ئەمریکا دا رابکێشێ. خومەینی زۆر بەباشی ئەو هەلەی قۆستەوە. جگە لەمەش ئەو توانی بەو حەرەکەتە پێگەو نفووزی خۆی لە نێو زانستگەکانیش دا پەرە پێ بدا. توانی سەرنجێکی زۆری خوێندکارانی توند رۆ بۆلای خۆی رابکێشێو لە چوار چێوەی رێکخراوی خوێندکاری دا رێکیان بخا. هەر ئەوانەش بوون کە بوون بە مۆرەی خومەینی لە داخستنو پاکسازیی خوێناویی زانستگەکان لە بانەمەڕی ١٣٥٩ دا. ئەو دەیەویست بەو کردەوەیە زانستگە وەك ناوەندێکی زانستیو ئاکادیمی لەگەڵ خۆی بخاو یەکیەتییەك لە نێوان ئیدئۆلۆژییە مەزهەبی-یەکەیو ناوەندی زانستو پێشکەوتن پێك بینێ بۆ ئەوەی رووخسارێکی سەردەمیانەو ئەمرۆییانە بە رێژیمە مەزهەبییەکەی ببەخشێ. پاشان خومەینی کە لەو سەروبەندە دا وردە وردە هەوڵی دەدا دەست بەسەر دەسکەوتەکانی شۆرش دا بگرێو شەڕی لە دژی هێزە ئازادیخوازەکان بە تایبەتی لە کوردستان راگەیاندبوو، توانی بەو حەرەکەتە تەواوی ئەو رووداوە نێوخۆییانە بخاتە ژێر کاریگەریی داگیرکردنی سەفارەتی ئەمریکا. خومەینی وەك دیماکۆژیستێکی بە توانا توانی بە زەق کردنەوەو گەورە کردنەوی مەترسیی دژمنی دەرەوە هەرچەشنە ئازادییەکی سیاسی لە نێوخۆ دا سەرکوت بکاو پێگەی خۆی بە هێز بکا. خومەینی بە رووداوی ١٣ی خەزەڵوەر هەوڵی دەدا خۆی وەك گەورەترین دوژمنی ئەمریکاو ئەمریکاش بە گەورەترین دوژمنی ئیسلام نیشان بدا تا سەرنجی جیهانی ئیسلام بۆ لای خۆی رابکێشێ. هەرچەند توانی لە لوبنانو فەلەستین دا بە هۆی ئەوەی کە لەگەڵ ئیسرائیل لەشەڕ دابوون، لەو سیاسەتەی دا سەرکەوێ بەڵام نەی توانی سەرنجی موسوڵمانانی ولاتانی دیکەی ئیسلامی بۆلای خۆی رابکێشێ.

لە ٣٠ ساڵەی داگیرکرانی سەفارەتی ئەمریکا دا بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران لە قۆناغێك دایە راست بە پێچەوانەی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوییە. لە دروشمو حەرەکەتی خەڵکی ناڕازیو خوێندکاران را وا دیارە تەواوی هاوکێشە سیاسییەکان گۆڕاون. لەم قۆناغە دا نە ئەمریکا لە روانگەی خەڵکی ئێرانەوە دوژمنەو نە کۆماری ئیسلامییش خاوەن پێگەو نفووز لە نێوو خەڵك لە زانستگەکان دا. گۆڕانی هەلومەرج لە زانستگەکان دا بە رادەیەك خێرا بە زەرەری کۆماری ئیسلامی چوونە پێش کە ئەرکی دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی بە نەسلەکانی دواتر نەسپارد. هەر ئەو نەسلەو تەنانەت هەر ئەو کەسانەی بە دنەدانی خومەینی سەفارەتی ئەمریکایان داگیر کرد لە کردەوەکانیان پەشیمان بوونەوە. ئەو کەسانە ئەمرۆ لە سەنگەری بەرامبەری کۆماری ئیسلامی دامەزراون. کەسانی وەك "عباس عبدی"، ابراهیم اصغر زادە"و "محسن میردامادی"و کەسانی دیکە کە رێبەرایەتیی ئەو حەرەکەتەیان دەکرد، ئێستا لە رێبەرانی بەرەی دژی رێژیمن. وتووێژی عەباسی عەبدی لەگەڵ باری رۆژەن دیپلۆماتی بە بارمتە گیراو چەند ساڵ دواتر لە پاریس نیشانەی شکستو بێ بنەمابوونی ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی بوو. هەلومەرجی ٣٠ ساڵ دوای داگیرکرانی سەفارەتی ئەمریکا نیشان دەدا سیاسەتو ئیدئۆلۆژییەك کە خومەینی هێنای بە هۆی بێ بناخەبوونو نامەنتیقی بوونی مەودایەکی یەکجار کورت کەم تەمەنی هەبوو.

**هەلومەرجی ٣٠ ساڵ دوای داگیرکرانی سەفارەتی ئەمریکا نیشان دەدا سیاسەتو ئیدئۆلۆژییەك کە خومەینی هێنای بە هۆی بێ بناخەبوونو نامەنتیقی بوونی مەودایەکی یەکجار کورت کەم تەمەنی هەبوو**



# لە پەراوێزی سەفەرەکەی ئۆردوغان بۆ تاراندا

مەسعوود ڕەواندوست

ڕۆژی دووشەممە ٢٦ی ئۆکتۆبری ئەمساڵ (٤ی خەزەڵوەر) ڕەجەب تەییب ئۆردوغان سەرۆك وەزیرانی تورکیە وێڕای هەیئەتێکی ٢٠٠ کەسی، پێکهاتوو لە بەرپرسانی سیاسی، ئابووری و بازرگانیی وڵاتی تورکیە گەیشتە تاران. ئەم سەفەرەی ئۆردوغان و قسەو بۆچوونەکانی پێش دەسپێکردن و لە کاتی سەفەرەکەدا کۆمەڵێك باس و بیروبۆچوون و تەنانەت گەش بینی و ڕەشبینیی لە نێو کۆڕوکۆمەڵە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەم دوو وڵاتە و ناوچە و تەنانەت ڕۆژئاواش‌دا ورووژاند. لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێ تیشك بخرێتە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم سەفەرە و ئەو بیروبۆچوون و نیگەرانییانەی لە پێوەندی لەگەڵ سەفەر و قسەکانی ئۆردوغان و ئاکامەکانی‌دا هاتوونەتەگۆڕێ.

**لەم سەفەرەشدا هەروەك ئاشكرایە ئەوەی قازانجە سەرەكییەكەی پێبڕاوە هەیئەتی توركیەیە كە بە كۆمەڵێك گرێبەستی قازانجهێنەر و گرەنتیی دابینكرانی سووتەمەنی بۆ وەرزی سەرمای ئەمساڵ گەڕایەوە وڵاتەكەی و ئەحمەدینژاد و دەوڵەتەكەشی تەنیا بەوە سەرمەست و دڵخۆشن كە پشتیوانیی ئۆردوغان لە بەرنامەی ناوكی و سیاسەتەكانی دەوڵەتەكەیان پێبڕاوە**

ئۆردوغان لە کاتی دەسپێکردنی سەفەرەکەی لە فرۆکەخانەی ئانکارا و لە ماوەی سەفەرەکەی‌دا لە تاران بەشێوەیەکی بێ وێنە لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامەی ناوکیی ئێران دوا و لە هەڵوێستێك‌دا کە بووە جێی سەرسوڕمانی ڕۆژئاواییەکان بە توندی پشتیوانیی لە بەرنامەی ناوکیی ئێران کردو دەستڕاگەیشتنی ئێرانی بە وزەی ناوکی بە مافی ڕەوای ئێران زانی. ناوبراو هەروەها پشتیوانیی لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد کرد. ئەم پشتیوانی و هەڵوێستەی ئۆردوغان لەم قۆناغە هەستیارەی کێشەی ناوکیی ئێران‌دا هەروەك گوترا لە نێوخۆ و دەرەوەی هەر دوو وڵات کۆمەڵێك باس لێ‌کەوتەوە و هێندێك لایەنی نێو تورکیە و ڕۆژئاوا ئەم هەڵوێستەیان بە وەرچەرخانێك لە سیاسەتی تورکیە و دووربوونەوە لە ڕۆژئاوا لەقەڵەم دا. بۆ لێوردبوونەوە لە ڕاستی یان ناڕاستیی ئەم بۆچوون و لێکدانەوانە پێویستە ئاوڕێکی خێرا لە کارنامەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیە لە دوای هەڵوەشانەی یەکیەتیی سۆڤییەت تا ئێستا بدەینەوە و هەورازو نشێوەکانی ستراتێژیی تورکیە لەو ماوەیەدا هەڵبسەنگێنین.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە تورکیە هاوپەیمانێکی نیزامیی ڕۆژئاوایە و لە سەردەمی شەڕی سارد لە نێوان دوو بلووکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات‌دا دەور و جێگەو پێگەیەکی گرنگی لە بالانسی قودرەت لە ناوچەکەدا بۆ ڕۆژئاوا هەبوو. بەڵام دوای هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤییەت و نەمانی شەڕی سارد بە شێوازی کلاسیکی ئەودەم تورکیە ئەو گرنگییەی نەما و بەڕێوەبەرانی تورکیە هەستیان بە پێویستیی گرتنە پێشی سیاسەتێك کرد کە تورکیە بۆ پێگەی پێشووی بگێڕێتەوە. لە لایەکی دیکەوە تورکیە کە پێویستییەکی زۆری بە دابینکردنی نەوت و گاز لە دەرەوەڕا هەیە، لە ناوچەیەك هەڵکەوتوە کە وڵاتانی دەوروبەری لە وڵاتانی گەورەی هەناردەکاری نەوت و گازن و پێویستیان بە بازاڕی فرۆشتنی نەوت و گازەکەیان لەوبەری دەریای مەدیترانەوە هەیە.

هەروەها دوای هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤییەت و جیابوونەوەی کۆمارەکانی نێو ئەو یەکیەتییە و دامەزرانی چەندین وڵاتی سەربەخۆ لە ناوچەی ئاسیای نێوەڕاست و قەفقازدا بوارێکی دیکە بۆ ڕکەبەرایەتی و مەیدانداریی تورکیە وەك هاوپەیمانی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر ڕووسیەدا ڕەخسا و دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە لایەن ئازەربایجان و تورکەمەنستان و گورجستانەوە تورکیە لە یەکەمین وڵاتەکان بوو کە ئەو دەوڵەتانەی بە ڕەسمی ناسی و هەوڵی‌دا بە نزیك بوونەوە لێیان و دانی یارمەتیی نیزامی و ئابووری پێیان دەوری ئاڵقەی پێوەندی لە نێوان ئەوان و ڕۆژئاوادا بگێڕێ و لەو دەرفەتە زێڕینەی بۆی هەڵکەوتووە بۆ بردنە پێشی ستراتێژیی خۆی لە ناوچەکەدا و بۆ مسۆگەر کردنی داهاتی سیاسی و ئابووریی خۆی کەڵك وەرگرێ.

تورکیە لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست و قەفقازدا جگە لە بواری کولتووری کە خۆی لە دامەزرانی یەکیەتییەکی وڵاتانی تورك زمان‌دا دەبینێتەوە، لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری‌دا سیاسەتێکی گرتەبەر کە لە بەرزکردنەوەی پێگەی ئەو وڵاتە لە ناوچە و لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان‌دا دەورێکی گرنگی هەبوو. لە بواری نەوت و گازدا هەروەك گوترا وڵاتانی دەوری دەریای خەزەر و کانگا گەورەکانی نەوت و گازی ئەو ناوچەیە پێویستییان بە گواستنەوە بۆ بازاڕەکانی فرۆش هەبوو و تورکیەش زۆر زیرەکانە هەوڵی‌دا لە دامەزراندنی هێڵەکانی لوولەی گواستنەی نەوت و گازی دەریای خەزەر بۆ ئورووپا دەست ڕەپێش بخا و هێڵەکانی باکوو- جەیهان و لەم دواییانەشدا پرۆژەکانی "ترانس خەزەر" و نابالکۆ، جگە لە دابینکردنی سووتەمەنیی پێویست بۆ ئەو وڵاتە داهاتێکی ئەرزیی زۆریشی لە بابەت گومرگ و گواستنەوەی نەوت و گاز بۆ ئورووپا پێ‌دەبڕێ. ئەم ڕووداوە جگە لە دەسکەوتێکی بەرچاوی ئابووری، قورسایی تورکیە لە هاوکێشە سیاسی‌یەکاندا و بە تایبەت لە ڕکەبەرایەتی لەگەڵ دوو هێزی گەورەی ناوچە واتە ڕووسیە و ئێران‌دا کە لەگەڵ ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئامریکا ناکۆکن زیاتر دەکا.

هەروەها لەدوای ڕووداوی ١١ی سێپتامبرەوە کە مەسەلەی شەڕ لەدژی تێرۆریزم بوو بە ئەولەوییەتی یەکەمی ڕۆژئاوا، تورکیە دیسان هەوڵی‌دا کەڵك لە دەرفەتەکە وەرگرێ و لە بواری ئەمنییەتیشەوە دەورێکی گرنگی لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست وەئەستۆگرت بەجۆرێك کە ڕۆژئاوا دیسانیش گرنگیی تورکیەی وەك ئەندامێکی موسوڵمانی ناتۆ بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ بناژۆخوازیی ئیسلامی وەبەرچاو گرتەوە و، ئەمریکا بە ئەسپاردنی فەرماندەیی هێزەکانی پاراستنی ئاشتی لە ئەفغانستان بە تورکیە، هەوڵی‌دا وێڕای ئەوەی کە هاوپەیمانە موسوڵمانەکەی لە ناتۆدا بخاتە بەرامبەر ئیسلامییە توندڕەوەکان، ڕێگەش لە دروستبوونی کەشوهەوایەکی دژە ئەمریکایی دیکە لە ناوچەکەدا بگرێ. بەمجۆرە تورکیە هەوڵی‌داوە بە کەڵك وەرگرتن لە هەموو دەرفەتەکان و بە هاوئاراستەیی لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکا وەك هاوپەیمانێك لە ناوچەی هەستیاری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئاسیای نێوەڕاست، هەروەها بە کەڵك وەرگرتن لە ناکۆکی و دوژمنایەتیی نێوان ئەمریکا و دوو هێزی ناوچە واتە ئێران و ڕووسیە، قورسایی و پێگەی خۆی لە مامڵەکردن لەگەڵ ڕۆژئاوادا بەرزکاتەوە و وێڕای وەدەستهێنانی قازانجێکی زۆری ئابووری، خۆی بگەیەنێتەوە ئاستی سەردەمی شەڕی سارد.



ئێستا دوای ئەم ئاوڕدانەوە کورتە لە مێژووی سیاسەتی دەرەوەی تورکیە لە ناوچەی ئاسیای نێوەڕاست و قەفقاز و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا شرۆڤەکردنی قسەکانی ئۆردوغان لە سەفەرەکەی‌دا بۆ تاران ئاسانتر دێتە بەرچاو.

ئەگەرچی هەروەك گوترا لە ماوەی حەوتووی دوای سەفەرەکەی ئۆردوغان بۆ تاران‌دا قسەکانی نابراو لە پشتیوانی لە بەرنامەی ناوکیی ئێران و سیاسەتەکانی ئەحمەدی‌نژاد نیگەرانییەکی زۆری بە تایبەت بۆ ڕۆژئاواییەکان دروست کرد و لە ڕاگەیەنە ڕۆژئاواییەکان‌دا چەندین وتاری لەسەر بڵاوبۆوە و لە نێوخۆی تورکیەش‌دا دژبەرانی دەوڵەتی ئۆردوغان ئەو حەرەکەتانەیان بە دووربوونەوە لە ڕۆژئاوا لەقەڵەم دا و تووڕەیی و نیگەرانیی خۆیان لەو هەڵوێستە دەبڕی، بەڵام ڕاستییەکە شتێکی جیا لەو بۆچوون و لێکدانەوانەیە هەروەك خودی ئۆردوغانیش ڕۆژی سێ‌شەممە ٣ی نۆوامبر لە وڵامی ئەو باس و نیگەرانییانەدا ڕایگەیاند ئەو قسانە نیشانەی گۆڕانی سیاسەت و ڕووەرگێڕان لە ڕۆژئاوا نیە، ڕاستیی مەسەلەکە ئەوەیە کە دەوڵەتی تورکیە لەو سەفەرەشی‌دا لە بەرەبەری وەرزی سەرما کە پێویستیی تورکیە بە گازی ئێران زیاتر دەبێ هەوڵی‌دا لە چوارچێوەی ستراتێژیی ڕوون و ئاشکرای خۆی‌دا دوو ئامانجی سیاسی و ئابووری بپێکێ و وێڕای دابینکردنی گازی پێویستی خۆی و ئیمزاکردنی چەندین ڕێککەوتننامەی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ تاران، بە پشتیوانی کردنی زارەکی لە سیاسەتەکانی ئەحمەدی‌نژاد و بەرنامەی ناوکیی ئێران پێوەندیی دەوڵەتەکەی لەگەڵ ئەو وڵاتە پەرەپێبدا. لە بواری نێوخۆییشەوە ئەم هەڵوێستەی ئۆردوغان دەتوانێ لە ڕکەبەرایەتیی حیزبی بو هەڵبژاردنەکانی داهاتووی تورکیە بە قازانج بێ و لە ڕاکێشانی خەڵکی موسوڵمانی تورکیەدا بەسوود بێ. هەر وەك ئەو حەرەکەتە نمایشییەی لە مێزگردێك لە پەراوێزی کۆبوونەوەی داووس‌دا کە ئۆردوغان بە نیشانەی تووڕەیی لە قسەکانی شیمۆن پرێز سەرۆک کۆماری ئیسراییل میزگردەکەی جێ‌هێشت و لە نێو خەڵکی موسوڵمانی تورکیەدا وەك قارەمانێکی نەتەوەیی پێشوازی لێ‌کرا. دیارە ئەوەشمان لەبیرنەچێ کە تورکیە خۆشی بە نیازی دەستڕاگەیشتن بە وزەی ناوکی‌یە و ئەو هەڵوێستە دەتوانێ ڕێگە خۆشکەرێکیش بێ بۆ بەرنامە شیمانەکراوەی تورکیە لە داهاتوودا.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دەوڵەتی ئێستای تورکیە لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەدا هەر ئەو ستراتێژییە ڕەچاودەکا کە باسی لێ‌کرا و تا ئێستا بە باشی کەڵکی لە هەموو پارامێترە زەمانی و ناوچەییە سیاسی و ئابوورییەکان وەرگرتوە و لەدەستدانی پێگەی پێشووی ئەو وڵاتەی لە دوای نەمانی شەڕی سارد قەرەبوو کردۆتەوە. تەنیا جیاوازییەك کە دەوڵەتی ئۆردوغان و حیزبی AKP لەگەڵ دەوڵەتەکانی پێشووی تورکیە هەیەتی ئەوەیە کە ستراتێژیستەکانی ئەم حیزبە پێیان وایە پێوەندیی نێوان تورکیە و ئەمریکا تا ئێستا پێوەندییەکی "ئەرباب و ڕەعییەتی" بووە و ئەوان دەیانهەوێ بە گەشەی پێوەندییەکانی تورکیە لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی موسوڵمان قورسایی و پێگەیەکی زیاتر بۆ تورکیە دەستەبەر بکەن و لەم ڕێگەیەوە پێوەندییەکانی نێوان تورکیە و ڕۆژئاوا بە تایبەت ئەمریکا بکەن بە پێوەندیی نێوان دوو هاوکار و هاوپەیمان.

دیارە پێویستە ئەوەشمان لەبیرنەچێ کە پێوەندیی ئێران و تورکیە بەهۆی دوژمنایەتیی ئێران و ئەمریکا هەرگیز ناتوانێ لە ڕادەیەکی دیاریکراو باشتر بێ و سێبەری دوژمنایەتیی ئێران و ئەمریکا لە ماوەی سی ساڵی ڕابردووی تەمەنی کۆماری ئیسلامی‌دا لەسەر پێوەندییەکانی ئێران و تورکیە دیار بووە.

بەڵام ئەوەی لەم سەفەرەدا جێی لێوردبوونەوەیەکی تایبەتە هەڵوێستی ئێران و ڕاگەیەنەکانی ئێران لە بەرامبەر ئەو سەفەرە و ئاکامەکانی‌دایە. ئەوەی ڕاستی بێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی سی ساڵەی تەمەنی‌دا بە گرتنەبەری سیاسەتێکی چەوت و دوور لە هەموو یاساو ڕێسا نێونەتەوەییەکان هیچ دەسکەوتێکی جگە لە دابەزاندنی پلە و پێگەی ئێران و ئێرانییەکان لە دنیادا و تەریك هێشتنەوەی ئەم وڵاتە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی‌دا نەبووە. ڕێژیمی تاران لە نێوخۆدا بە سەپاندنی دیکتاتۆریی ڕەشی ئاخوندی ژیانی گەلانی ئێرانی تووشی ڕۆژڕەشی و نەهامەتی کردوە و لە ئاستی دەرەوەش‌دا بە سیاسەتی ناردنەدەرەوەی شۆڕش جگە لە دابەزاندنی پێگەی ئەو وڵاتە هەتا ئاستی پشتیوانێکی چالاکی تیرۆریزمی دەوڵەتی، هەموو سەروەت و سامانەکانی گەلانی ئێرانی بەفیڕۆداوە. ئێران لە هەموو ئەو بوارانەدا کە لە سەرەوە باس کرا و لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست و قەفقاز و تەنانەت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و مەسەلەی گواستنەوە و هەناردەکردنی نەوت و گازدا لەگەڵ تورکیە لە ڕکەبەری‌دایە و بە هۆی هەڵکەوتی تایبەت و شازی ژێئۆپۆلۆتیکیی ئێران دەیتوانی بە سیاسەتێکی دروست و ئوسوولی زیاترین دەسکەوت بۆ گەلانی ئێران وەدەست بێنێ و تورکیە لە مەیدان وەدەرنێ بەڵام هەروەك ئاشکرایە بە هۆی نەبوونی سیاسەت و ستراتێژییەکی دروست و لۆژیکی لە ناوچە و جیهان‌دا جگە لە دوژمنایەتیی جیهانی پێشکەوتوو و تەریك مانەوە و بێبەش بوون لە هەموو ئەو ئیمکانات و دەرفەتانەی لەو ناوچە دەوڵەمەندەی جیهان‌دا هەیە هیچی پێ‌نەبڕاوە.

لەم سەفەرەشدا هەروەك ئاشکرایە ئەوەی قازانجە سەرەکییەکەی پێبڕاوە هەیئەتی تورکیەیە کە بە کۆمەڵێك گرێبەستی قازانجهێنەر و گرەنتیی دابینکرانی سووتەمەنی بۆ وەرزی سەرمای ئەمساڵ گەڕایەوە وڵاتەکەی و ئەحمەدی‌نژاد و دەوڵەتەکەشی تەنیا بەوە سەرمەست و دڵخۆشن کە پشتیوانیی ئۆردوغان لە بەرنامەی ناوکی و سیاسەتەکانی دەوڵەتەکەیان پێبڕاوە و بە خەیاڵی خۆیان لە ئاکامی سیاسەتە ئوسوولییەکانی ئەوانەوە تورکیە لە ئۆردوگای ڕۆژئاوا دوور کەوتۆتەوە. بەڵام بێ بنەمابوونی ئەم بۆچوونانە هەر زۆر خێرا و لە ڕۆژنامە و ڕاگەیەنە نێوخۆییەکانی دوو باڵی نێو دەسەڵاتی تاران‌دا خۆی دەرخست بەجۆرێك کە باڵی پاوانخوازی ڕێژیم پشتیوانیی ئۆردوغان و گرێبەستە ئابووری و بازرگانییەکانی ئەم سەفەرەیان وەك دەسکەوتێك بۆ دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد زەق کردەوە و لە بەرامبەردا ڕۆژنامەکانی سەر بە باڵی ڕیفۆرمخواز هەڵوێستێکی جیاوازیان گرت و پێیان وابوو ئەم سەفەرە ئەگەر دەسکەوتێکی ئابووری هەبووبێ ئەوە بۆ تورکیە بووە کە کۆمەڵێك ئیمتیازی باشی لە ئێران وەرگرت و بە دەستی پڕ گەڕایەوە و جێی سەرسوڕمانە کە ئێران ئەو شتە بەم شێوەیە زەق دەکاتەوە. چونکە لە ڕاستی‌دا نە سەرکەوتنە بۆ ئێران و نە هیچ شانازییەکیشی هەیە.

# حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان و گواستنەوەی دەسەڵات

رەحمان سەلیمی

باشووری کوردستان وەك بەشێکی لکێندراو بە عێراقەوە نزیك ٧٠ ساڵ لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندەوە بەرەورووی سیاسەتی چەوسانەوە و داپڵۆسین و ژینۆساید و کیمیاباران بۆتەوە و لە سەردەمی هەر دوو دەسەڵاتی پاشایەتی و بەعس دا ئەو سیاسەتە بەوپەڕی بێرەحمییەوە درێژەی هەبووە کە کاریگەریی تەواوی لە سەر هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤی کورد داناوە و تا ئێستاش ئاسەوارە زیانبارەکانی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی لە هەناوی گەلی کورد لە باشووری کوردستان دا ماونەتەوە. سیاسەتی رێژیمی پاشایەتی و بەعس بەتاڵ کردنی هەر چەشنە هێمایەکی کوردی لە ناخی مرۆڤی کورد دا بوو. هەر بۆیە لە گشت رێگاکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە کەڵکی وەردەگرت وەك کۆچ پێکردنی زۆرەملی، هێنانی عەرەب بۆ کوردستان، چاندنی تۆوی دووبەرەکی و پەرەپێدان بە دیاردەی جاشایەتی، پەروەردی ئیدئۆلۆژیك و هتد.

پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و رزگارکردنی بەشێك لە کوردستان لە لایەن خەڵك و بە رێبەرایەتیی پارتە کوردییەکان، بۆ یەکەم جار لەو بەشە لە کوردستان دەسەڵاتێکی کوردی هاتە ئاراوە کە لە لایەك ئەزموونی بەڕێوەبەریی شاری نەدیتبوو لە لایەکی دیکەشەوە لە گەڵ نەوەیەك لە کۆمەڵگا بەرەورووبۆوە کە لە ژێر دەسەڵاتی سیستمی دیکتاتۆرو دژە ئازادی و رەگەزپەرەستی بەعسی پەروەردە ببوو. نەبوونی رۆحی یەکدی قەبووڵکردن و پلۆرالیسمی سیاسی و زیادەخوازی و بەرژەوەندیی حیزبی و تەنانەت شەخسی، هاوڕێ لە گەڵ ئەو هۆکارانەی لە سەرەوە باسمان کردن کوردستانی تووشی کێشە و قەیران و لە ئاکامدا شەڕی براکوژی کردو داگیرکەرانی کوردستانیش لەو دەرفەتە کەڵکیان وەرگرت و لە هیچ کۆششێك بۆ درێژەکێشانی شەڕو لەبار بردنی دەسەڵاتی کوردی درێغیان نەکرد.

ئێستا ١٨ ساڵ بە سەر راپەڕینی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان تێپەڕیوەو کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە هەموو بوارەکاندا بە سەر کۆمەڵگادا هاتوە. ئاوڕدانەوەیەك لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی پارلەمانی کوردستان و پاشان راگەیاندنی کابینەی شەشەمی حکوومەت، وێنایەك لە دۆخی سیاسیی هەنووکەی کوردستان دێنینە بەرچاو.

هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی کوردستان لە چەند لایەنەوە شایانی سەرنج و لێوردبوونەوەن:

١ــ بەشداریی حیزب و قەوارەو کیانی سیاسیی جیاواز و جۆراوجۆر لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا کە گوڕو تینێکی بەرچاوی بە پڕۆسەکە بەخشیبوو و دەزگای پڕوپاگەندەو میدیای جۆراوجۆر و بە خوێندنەوەی جیاواز بۆ ئاریشەکانی گەلی کورد سەریان هەڵداو تا رادەیەك بوونی ئازادیی رادەربڕین و میدیا و پلۆرالیسمی سیاسی لە کوردستانیان بۆ دنیای دەرەوە سەلماند.

٢ــ هاتنەئارای ئۆپۆزیسیۆن لە هەڵبژاردنەکان دا کە بەرهەمی گەشەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەر کۆمەڵگایەکە. خەڵکی کوردستان دوای تێپەڕینی ١٧ ساڵ بە سەر یەکەم هەڵبژاردنی سەراسەریی پارلەمانی کوردستاندا، ئێستا بە شێوەیەکی دێمۆکراتیك و شارستانیانە ویست و داخوازییەکانی خۆیان لە بەرنامەو پڕۆژەی جیاوازو لە فۆڕمی حیزب و رێکخراوی جیاوازدا دێننە گۆڕێ.

٣ــ ئەو هەڵبژاردنانە بە شێوەیەکی هێمنانەو بە دوور لە توندو تیژی بەڕێوە چوو. گرینگیی ئەو مەسەلەیەش کاتێك دەردەکەوێ کە دەبینین حیزب و لایەنی جیاواز لە ململانێیەکی توند دا بوون بۆ وەدەستهێنانی کورسییەکانی پارلەمان.

٤ــ ملدانی لایەنەکان بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، لە کاتێکدا ئەنجامەکە نە



لە چاوەڕوانی و نە بە دڵی پارتە دەسەڵاتدارەکان نەبوو.

لە پەنا ئەو خاڵە بەهێزانەدا کۆمەڵێك کەموکوڕییش لە هەڵبژاردنەکاندا بەدی دەکران وەکو:

١ــ داخراو بوونی لیستی قەوارە سیاسییەکان، بە شێوەیەك کە دەنگدەران نەیاندەزانی دەنگ بە کێ دەدەن بەڵکوو دەنگیان بەو پارت یا کیانە سیاسییانە داوە کە ناویان لە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن تۆمار کردبوو.

٢ـ بەشدار نەکردنی بەشێکی بەرچاو لە رەوەندی کوردی لە دەرەوەی وڵات، لە دەنگدان دا.

بە گشتی دەتوانین بڵێین هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکان هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێمۆکراتیك بوو کە بە نیسبەت وڵاتانی ناوچە وێنەیەکی پێشکەوتنخوازانەی لە هەرێمی باشووری کوردستان بە جیهان نیشان دا. هەڵبژاردنی کوردستان بە بەراوەردێکی سەرەتایی لە گەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەو دواییانەی دوو وڵاتی ئێران و ئەفغانستان، ئاستی بەرزی وشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەلی کورد دسەلمێنێ.

### کابینەی نوێی هەرێم و کێشە چارەسەرنەکراوەکان

بەدوای ئەوەی پارلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوکتور بەرهەم ساڵحیان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ راسپارد، هەوڵەکان بۆ بەشدار کردنی زۆرترین لایەنەکانی پارلەمان لە حکوومەت دا دەستی پێ کرد کە لە ئاکامدا بەشێکیان ئامادە نەبوون لە حکوومەتدا بەشدار بن و وەك ئۆپۆزیسیۆن مانەوەو بەشێك لە لایەنەکانیش بەشداریی حکوومەتیان کرد. نێچیرڤان بارزانی لە دوایین وتەکانی لە پۆستی سەرۆك وەزیران دا وێڕای ئاماژە بە دەسکەوتەکانی کابینەی پێنجەم، باسی ئەو کێشانەی هێنایە ئاراوە کە تا ئێستا بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە و رەخنەی لە حکوومەتەکەی خۆی گرت. سەرۆك وەزیرانی نوێش لە وتەکانی دا بەشێك لە کەموکوڕییەکانی دەستنیشان کردو ئەولەویەتی کارەکانی حکوومەتی بەدواداچوون و چارەسەرکردنی ئەو ئاریشانە وەسف کرد.

بە کورتی حکوومەتی هەرێم لە گەڵ کۆمەڵێك گرفتی سەرەکی بەرەوروویە کە دەتوانین بەم شێوەیە ئاماژە بە هێندێکیان بکەین:

ــ کێشەی ناوچە دابڕاوەکان لە کوردستان و بە تایبەت کەرکووك، کە نە تەنیا بۆ باشووری کوردستان بەڵکوو بۆ هەموو نەتەوەی کورد گرینگییەکی زۆری هەیە.

ـ سەقامگیر کردنی کیانی کوردی لە سەر ئاستی عێراق و چەسپاندنی یاسای بنەڕەتی و رەوایی بەخشین بە دەسەڵاتی کوردی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بە شێوەیەك کە مەترسیی گەڕانەوەی داگیرکەر بۆ هەمیشە بسڕێتەوە.

ــ راگرتنی باڵانسێك لە نێوان بەرژەوەندییە ستراتژیك و باڵاکانی نەتەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و پێوەندییەکانی هەرێمی باشووری کوردستان لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ، بە تایبەت ئێران، تورکیەو سوریە.

ـ پەرەدان بە دەسەڵاتی حکوومەت بە جێگای دەسەڵاتی حیزب و جیاکردنەوەی دامەزراوە حکوومییەکان لە دامەزراوە حیزبییەکان و گەرەنتیی ئەمنیەتی پیشەیی و سیاسی بە خەڵکی غەیرە حیزبی یا جیابیر.

ــ کەمکردنەوەی بەستێنەکانی گەندەڵیی ئیداری وەك: بۆرۆکراسیی دەست و پێگیر، جیاکردنەوەی پێوەندییە حیزبییەکان لە پێوەندییە حکوومییەکان، کاراکردنی پارلەمان بۆ چاوەدێریی ورد بە سەر دەزگا حکوومییەکاندا و ...

بە سەرنجدان بە کەسایەتیی دێمۆکرات و لیبراڵی سەرۆك وەزیرانی نوێ و ئەزموون و لێزانیی دوکتور بەرهەم لە بەڕێوەبردنی پۆستە پێئەسپێردراوەکانی پێشوویدا، و هەروەها بە سەرنجدان کابینەی نوێ کە کەمتر لە نیوەی ژمارەی وەزیرانی کابینەی پێشوون و لە کۆمەڵێك تێکنۆکراتی عەمەلگەرا، پێك هاتوون و هەروەها بە لە بەرچاو گرتنی هەنگاوە بەرەو پێشەکانی کابینەی پێنجەم و دەسکەوتەکانی لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، ئاسۆی حکوومەتی هەرێم لە داهاتوودا گەشتر بەرچاو دەکەوێ و دەکرێ هیوادار بە پێشڤەچوونی زیاتری حکوومەتی نوێ لە هەموو بوارەکانی ئابووری، نەهێشتنی گەندەڵی، پەرەپێدانی دیپلۆماسی، چارەسەری کێشە جێ ناکۆکەکانی بەغداو هەرێمی کوردستان و هەروەها ساوکەی پێگەی هەرێمی کوردستان وەك دەسەڵاتێکی لۆکاڵیی رەواو بەهێز بین.

**هەڵبژاردنی کوردستان بە بەراوەردێکی سەرەتایی لە گەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەو دواییانەی دوو وڵاتی ئێران و ئەفغانستان، ئاستی بەرزی وشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەلی کورد دسەلمێنێ**

# کەرکووك لە بەردەم شۆڤێنیزمی عەرەبی دا

باران رۆژهەڵات

کێشەی کەرکووك لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی عێراق تاکوو دێ بارێکی ئاڵۆزتر بەخۆیەوە دەگرێ. ئەم ماوەیە هێندێك لایەنی شۆڤێنی عەرەب و تورکمان بە بیانووی ئەوە کە لایەنە کوردییەکان بە هێنانی سەدان هەزار کورد لە شوێنەکانی تری کوردستانەوە دێموگرافی ئەو پارێزگایەیان گۆڕییەوە، تێدەکۆشن کە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لە کەرکووك بە شێوەیەکی ئاسایی پەك بخەن.

ئەوەیکە روونە بریتییە لەوە کە پاش رووخانی رێژیمی بەعس، بەشێکی بەرچاو لەو کوردانە کە لە سەردەمی بەعسدا کەوتبوونە بەر شاڵاوی تەعریب و تەرحیل، ئەمرۆکە گەڕاونەتەوە زێدی خۆیان و بە ئاشکرا پارێزگاریی لە شووناس ناسنامەی کوردیی خۆیان دەکەن. ئەمەش راستییەکە کە عەرەب و تورکمانە شۆڤێنییەکانی وەجوولە خستووە. ئەم لایەنانە باش لەوە تێگەیشتوون کە هەڵبژادنی ئەمجارە لە پارێزگای کەرکووك بە واتای رێفراندۆمەو دەردیدەخا کە هەرکام لە پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئەو پارێزگایە چ رێژەیەك لە حەشیمەتی ئەو پارێزگایە پێك دەهێنن.

لە راستیدا سەرەرای ئەوەکە بڕگەکانی پەیوەندیدار بە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق هێشتا بە تەواوەتی جێبەجێ نەکراون و تاکوو ئێستاش بەشێك لە کوردەکانی کەرکووك نەگەڕاونەتەوە زێدی خۆیان و ئێستاشی لە گەل دابێ حەشیمەتێکی بەرچاو لە عەرەبە هاوردەکان هەر لەو پارێزگایەدا نیشتەجێن، بەڵام بەپێی ئامارە نافەرمییەکان بەوحالەش کورد ئێستاکە پتر لە نیوەی حەشیمەتی ئەو پارێزگایە، پێك دەهێنن. ئەمە واقیعە و ئەمرۆکەش زۆربەی لایەنە عەرەب و تورکمانییەکان لەو راستییە تێگەیشتوون، بۆیە ئەمجارە بە مەبەستی ئاشکرا نەبوونی واقیعی دێموگرفی کەرکووك لە هەوڵی ئەوەدان کە لە جیاتی پەیرەو کردنی سیستمی زۆرینە و کەمینە، سیستمی تەوافوقی لە هەڵبژادنەکانی کەرکووکدا رەچاو بکرێ، تاکوو بەو شێوەیە ناراستەوخۆ حاشا لە زۆرینە بوونی کورد لەو پارێزگایەدا بکەن. ئەوە لە حالێکدایە کە ئەم لایەنانە لە ئاستی سەرانسەریی لە عێراقدا بەردەوام سیستمی زۆرینەو کەمینە بە هێند وەردەگرن.

هەروەها بەشێکی دیکە لەو شۆڤێنی یانە پێداگری لە سەر ئەوە دەکەن کە تەنیا ئەو کوردانەی تاکوو پێش ساڵی ٢٠٠٤ لە کەرکووکدا بوونە، مافی ئەوەیان پێ بدرێ کە لە سەر حیسابی کەرکووك لە هەڵبژادن دا بەشداریی بکەن، تاکوو بەوشێوەیە دەیان هەزار ئاوارەی کەرکووکی کە لە ساڵی ٢٠٠٤ وە تاکوو ئێستا گەڕاونەتەوە ئەم پارێزگایە لەو مافە بێبەش بکەن و بەو شێوەیە لە رێژەی دەنگدەرانی کورد کەم بکەنەوە، ئەوەش لە حالێکدایە کە خۆ لەو باسە دەدزنەوە کە بۆچی عەرەبی هاوردەی سەردەمی بەعس بۆ دەبێ ئەو مافەیان هەبێ و ئەو کوردانەی کە لەو سەردەمدا بە زۆر دەرکراون و ئێستاکە گەڕانەتەوە سەر زێدی خۆیان لەو مافە بێبەش بن!

بەهەرحال ئەمرۆکە چاودێرانی سیاسی بە هۆی قوولبوونەوەی ناکۆکییەکان بەنیگەرانییەوە چاو لە داهاتووی سیاسیی عێراق دەکەن و لەسەر ئەو باوەڕەن کە کێشەی کەرکووك وەك گرفتی هەرە سەرەکیی کورد و عەرەب لە مێژووی هاوچەرخی عێرقدا گەیشتۆتە خاڵێکی هەستیار کە چارەنووسی سیاسیی ئەو وڵاتە پێوەی گرێ دراوە.

ئەوەیکە ئاشکرایە ئەمەیە کە کەرکووك بەلای نەتەوەی کوردو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانەوە هێڵی سوور دەژمێردرێو تاکوو ئێستا هێندێك لە پێناوی گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان، خەڵك و دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان لە کاناڵی یاسایی و ئاشتیخوازانەوە لەو بوارەدا هەنگاوی هەلێناوەتەو پێویستە هۆکاری بە بنبەست گەیشتن و بەرزبوونەوەی قەیرانەکان تەنیاو تەنیا لە عەقلییەتی شۆڤێنیستی هێندێك لایەنی عەرەب و تورکمان و هەروەها دەستێوردانی وڵاتانی دراوسێی عێراق بە تایبەت تورکیە بدۆزینەوە، ئەگینا بۆ هەموو لایەك روونەکە کەرکووك بەشێکە لە خاکی کوردستان و ئەم جۆرە هەڵوێستە شوڤێنیانە تەنیا خزمەت بە گەڕانەوەی عێراق بۆ دۆخی نالەباری رابردوو دەکا نەك چارەسەریی کێشەکان وسەقامگیری و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لەو وڵاتەدا.

# بزووتنەوەی لیبڕاو، مەدەنی و رادیکاڵ

سمایل شەرەفی

هاتنە سەر شەقامی خەڵکی ناڕازیی ئێران دژ بە دەوڵەتی کودەتاچی و نیزامی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیه و کۆماری ئیسلامی لە رۆژی ١٣ی خەزەڵوەری ئەمساڵدا دەربڕی چەند پەیامێکی گرینگە کە دەکرێ لە رێگای خوێندنەوەیانەوە باوەڕ بەو راستییە بێنین کە بزووتنەوەی گۆڕانخوازی خەڵکی ئێران بە تەواوەتی کەوتۆتە قۆناغی لێبڕاوبوونەوە.

سەرەڕای ئەو هەموو هەڕەشە و گوڕەشانەی کە رێبەرانی نیزام و بەرپرسانی ناوەندە پۆلیسی و ئەمنیەتییەکانی رێژیم لە خەڵکیان کرد، هەروەك چاوەڕوان دەکرا بۆ جارێکی دیکە شەقامی شارەکانی تاران، ئیسفەهان، شیراز، رەشت، زاهیدان، شاری کورد، تەورێزو ... شاهیدی دەربڕینی ناڕەزایەتیی خەڵك و زیندوومانەوەی خەباتی ئازادیخوازانە بوون.

خەڵك بۆ جارێکی دیکەو لە بۆنەیەکی دیکەی حکوومەتیدا دژ بە حکوومەت هاواری مەرگ بۆ دیکتاتۆریان بەرز کردەوەو هەروەك پێشتریش لە رۆژی قودسدا نیشانیان دا کە یەکگرتووانە مەجالەکان دەقۆزنەوەو خەبات دژ بە دیکتاتۆری درێژە پێ دەدەن.

لە یەکەم روانیندا بۆ حزووری خەڵکی ناڕازی لە رۆژی ١٣ی خەزەڵوەردا، دەکرێ ئەم خوێندنەوەیە بکەین کە هەستانەوەی ئەمجارەی خەڵکی ئێران دژ بە دەسەڵاتی داسەپاو، لە حاڵەتی پچڕ پچڕ هاتۆتە دەرو جۆرێك بەردەوامیی پێوە دیارە کە هەوڵ دەدات لە هەموو مەجالەکان بۆ خۆنیشاندان کەڵك وەربگرێت و بێ ئەوەی هەزینەیەکی قورس تووشی خۆی بکات خۆی زیندوو رابگرێت. لەگەڵ ئەوەکە ناڕەزایەتییەکانی خەڵك لە ماوەی چوار مانگ و نیوی رابردوودا بە تەواوەتی دوور لە لە هەر جۆرە توندوتیژییەك درێژەی کێشاوە بەڵام بە وردبوونەوە لە دروشمەکانی رۆژی ١٣ی خەزەڵوەری خەڵك دەردەکەوێ کە ئەم بزووتنەوەیە لە رووی داخوازییەوە بەرەو هەرچی رادیکاڵ بوون هەنگاوی هەڵێناوەتەوە کە ئەوەش دژکردەوەیەکی لۆژیکییە بە بەرخوردی رێژیم و هێزە سەرکوتکەرەکانی لە بەرانبەر خەڵکدا.

ئەم بزووتنەوەیە سەرەتا بە دروشمی "وەرگرتنەوەی دەنگەکان" هاتە سەر شەقامەکان و لە پەنای ئەم داخوازییەشدا ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی و پێڕاگەیشتن بە وەزع و گوزەرانی هاونیشتمانان لەو داوایانە بوون کە لە لایەن خەڵکەوە هاتە گۆڕێ و پاشان بە گرتن و بێ رێزی پێ کردن و تەنانەت کوشتن وڵامیان درایەوە.

هەڵوێستی دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی رێژیم لە بەرانبەر ئەم ویستە سەرەتاییانەی خەڵکدا وای کرد کە بزووتنەوە لە



رووی بەرزکردنەوەی ویستەکانی-یەوە لە لایەك شەفافتر لە رابردوو کار لە سەر داواکانی بکات و لە لایەکی دیکەوە رادیکاڵتر لە جاران بێتە مەیدانەوە.

دروشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆر کە تا رادەیەك دروشمێکی لێڵ و ناروون بوو، لە ١٣ی خەزەڵوەردا گۆڕا بە "خامنەیی قاتڵە، ویلایەتەکەی باتڵە"و دیتمان کە پۆستێرەکانی خامنەیی هێنرانە خوارەوەو دڕێندران. کەوابوو ئەو جۆرەی کە چاوەڕوان دەکرا بزووتنەوەی گۆڕانخوازیی تا دێ بەرەو رادیکاڵتربوون دەچێ.

لایەنێکی دیکەی ئەم بزووتنەوە کە تا رادەیەك هێندێك کەسی خستبووە گومان و دڵەڕاوکێوە جیدی بوون یان جیدی نەبوونی ئەو روخسارە دیارو بەرچاوانە بوون کە لەگەڵ ئەم بزووتنەوە کەوتبوون.

کەسانێکی وەك میرحوسێنی مووسەوی و مەهدی کەڕووبی و بە دەرەجەیەکی دیکە چەند مەرجەعێکی دینی وەك ئایەتوڵڵا مونتەزیری و سانعی و هتد، بێگومان بوونیان لەم مەیدانەدا دەتوانێ ئەرێنی و ورەبەخش بێت.

١٣ی خەزەڵوەری ئەمساڵ تاقیکارییەکی باش بوو بۆ ئەم کەسانە کە نیشان بدەن تا چەندە لەگەڵ بزووتنەوە دان و پیشتیوانی خەڵکی بەرهەڵستکارن. کەڕووبی و مووسەوی و ئەوانی دیکەو ئامادەبوونیان لەم مەیدانەدا - هەرکام بە شێوازێك - لانیکەم تا ئێستا ژیرانە توانیویانە باوەڕ بە لێبڕاوبوونی بزووتنەوەی خەڵك بێنن و لەگەڵی بکەون و لە لایەکی دیکەوە خەڵکیش هەستی بەوە کردوە کە دەکرێ حیساب لە سەر ئەو کەسانە بکرێ.

پشتیوانیی وڵاتان و ناوەندە جیهانییەکان لە بزووتنەوەی گۆڕانخوازی خەڵکی ئێران و مەحکووم کردنی هێرشی هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم بۆ سەر خەڵك یەکێك لەو دەسکەوتانەیە کە بزووتنەوە توانیویەتی لە ماوەیەکی کورتدا بۆ خۆی مسۆگەر بکا.

دوای ئەوەکە هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم لە رۆژی ١٣ی خەزەڵوەردا بۆ جارێکی دیکە هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەران، زۆرێك لە وڵاتانی موعتەبەرو خاوەن نفوزی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو فەڕانسە بە پشتیوانی لە خەڵکی ئێران، هەڵوێستی رێژیمی تاران و هێزە سەرکوتکەرەکانی ئەم رێژیمەیان مەحکووم کرد.

لە حاڵێکدا کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە گرتنەپێشی سیاسەتی دوژمنکارانەو پێداگری لە سەر دەسپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی و پشتیوانی لە تاقمە توندڕەوو تێروریستییەکانی ناوچەکە، لە ئاستی نێونەتەوەییدا بە تەواوی تەریك کەوتۆتەوەو لە ئاستی سیاسەتی خاریجیدا تووشی قەیران بووە، بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی خەڵکی ئێران رۆژ لەگەڵ رۆژ پشتیوانیی زیاتری نێونەتەوەیی بۆ لای خۆی رادەکێشێ.

ماوەتەوە بڵێین کە ئەگەر تەنیا چاو لە چوار مانگ و نیوی رابردوو بکەین دەردەکەوێ کە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناتوانێ وڵامدەری ویست و داخوازییەکانی خەڵکی ئێران بێت. ئەم رێژیمە جیا لە سەرکوت و حەزفی نەیارانی خۆی ناتوانێ بە شێوەیەکی ئاشتیخواز بیر لە چارەسەرکردنی کێشەکان بکاتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە رەوتی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی ئێران تەنیا لە ماوەی ئەم چوار مانگ و نیوەدا پێمان دەڵێ کە هیچ سەرکوت و کەندو کۆسپێك ناتوانێ پێش بەم شەپۆلە بگرێ.

ئەزموونی مێژوویی تەنیا چەند دەیەی رابردووی رووبەڕووبوونەوەی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانی ناوچە لەگەڵ بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەکان سەلماندویەتی کە هەمیشە ئیرادەی خەڵك بە سەر سەرکوت و زەبرو زەنگی دەسەڵاتدا سەردەکەوێ.

> **خەڵك بۆ جارێکی دیکەو لە بۆنەیەکی دیکەی حکوومەتیدا دژ بە حکوومەت هاواری مەرگ بۆ دیکتاتۆریان بەرز کردەوەو هەروەك پێشتریش لە رۆژی قودسدا نیشانیان دا کە یەکگرتووانە مەجالەکان دەقۆزنەوەو خەبات دژ بە دیکتاتۆری درێژە پێ دەدەن**

# ١٣ی خەزەڵوەر، رۆژێکی دیکە بۆ بزووتنەوەی گۆڕا نخوازانە

✍حسێن ئەحمەد پوور

رۆژی ١٣ی خەزەڵوەر بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی خەڵکی ئێران هەنگاویکی مێژوویی دیکەی بەرەو پێش هاویشت و پێی نایە قۆناخێکی دیکەوە. خەڵکی ناڕازی وەك چاوەڕوان دەکرا، سەرەڕای هەموو هەڕەشەکانی رێبەرانی رێژیم لەرۆژانی رابردوودا هاتنە سەر شەقامەکان و پەیامی خۆیان بەڕوونی بەگوێی هەموو لایەك دادا. ناڕەزایەتییەکان بە تەواوی لەقۆناغی ناڕەزایەتیی دەربڕین لەئاکامی هەڵبژاردنەکان و دەوڵەتی کودیتا تێپەر بوون و خەڵك بەئاشکرا کۆی سیستمیان کردە ئامانج. ئەمەش ئەو وێستگەیە بوو کە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی وەکوو بزووتنەوەیەکی رەسەنی خەڵکی ئێران درەنگ یان زوو دەبوایە پێی گەیشتبا، هەروەك چۆن رێبەرانی باڵی ریفۆرم کە لە ماوەی ٤ مانگی رابردوودا رۆڵێکی گەورەیان لە رێکخستنی ئەم بزووتنەوەیەدا هەبووە، ناچارن بەو وێستگەیەدا تێپەڕبن و خۆیان ساغ بکەنەوە کە یان دەبێ بەتەواوی لەگەڵ بزووتنەوەی خەڵك بکەون و یان دەبێ رێگەی دووهەم واتە پەراوێز کەوتن هەم لەلایەن خەڵك و هەم لەلایەن دەسەڵاتەوە هەڵبژێرن.

ئەگەر بمانەوێ بەکورتی باس لەخۆپیشاندانی رۆژی ١٣ی خەزەڵوەر بکەین دەکرێ بڵێین ئەو خۆپیشاندانە لەچەند رووەوە گرینگ بوو:

یەکەم: بۆ جارێکی دیکە بۆ هەموو لایەك دەرکەوت کە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی خەڵکی ئێران نە تەنیا بە سەرکوتی رێژیم چاوترسێن نەبووە، بەڵکوو بەگوڕو تینێکی زیاترەوە بەردەوامەو نەك پاشەکشێی نەکردوە، بەڵکوو داخوازییەکانی خۆی رادیکالیزەتر کردوەو سوورە لەسەر ئەوەکە لەهەموو بۆنەو دەرفەتەکان کەڵك وەربگرێ. ئەوەش ئەوپەڕی وشیاری و چالاك بوونی ئەو بزووتنەوەیە دەگەیەنێ.



دووهەم: ئەگەر چی مووسەوی و کەڕووبی پێشتر داوایان لەخەڵك کردبوو کەلە دروشمی پێکهاتەشکێن خۆ ببوێرن، بەڵام خەلك بە بەرزکردنەوەی دروشمی دژی خامنەیی و وەلیی فەقیه، کۆی نیزامیان رەد کردەوەو ئەو پەیامەیان بە باڵی ریفۆرمخواز دا کەلە چوارچێوەی قانوونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی دا داخوازییەکانی خەڵکی ئێران بەدی نایەن. هەر بۆیە دەبێ بیر لە سەرچاوەی سەرەکیی کێشەکان واتە لابردنی سیستمی ویلایەتی فەقیه و گۆڕینی قانوونی بنەڕەتی بکرێتەوە.

سێیەم: بە بەرزکردنەوەی دروشمگەلێکی وەکوو" خەلکی ئێران بۆمبی ئەتۆمیی ناوێ" و "ئاشتی بۆ هەموو جیهان و دێموکراسی بۆ ئێران"، بزووتنەوەی گۆڕانخوازانەی خەڵکی ئێران ئەو پەیامەی بە دنیای دەرەوەو وڵاتانی رۆژئاوا دا کە بە پێوەندییەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دا بچنەوەو کۆماری ئیسلامی لە رووی دیپلۆماسییەوە نوێنەرایەتیی داخوازییەکانی خەڵکی ئێران ناکا. هەر بۆیە وڵاتانی دەرەوە دەبێ بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی خەڵکی ئێران لەبەرچاو بگرن و لەسەر حیسابی خەڵك لەگەڵ رێژیمی ئێران دا رێك نەکەون.

چوارەم: لایەنێکی گرینگی دیکەی خۆپیشاندانەکانی رۆژی ١٣ی خەزەڵوەری ئەمساڵ، گۆڕینی واتای مێژوویی ئەو رۆژە بوو لە مێژووی ئێران دا. شتێك کە رێبەرانی رێژیم لەدوای خۆپیشاندانەکەی رۆژی قودسەوە لێی دەترسان. ئەگەر رێژیم لەماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا لەو رۆژەدا مانۆڕی دەداو وای دەنواند کە رای گشتیی خەڵکی ئێران دژی ئەمریکا یان بە قەولی خۆیان"شەیتانی گەورە"یە، لە ١٣ی خەزەڵوەری ئەمساڵ دا خەڵکی ئێران سەلماندیان هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ گەل و دەوڵەتی ئەمریکا دا نیەو خوازیاری پێوەندیی دۆستانە لەسەر بنەمای رێزگرتنی دوو لایەنن.

١٣ی خەزەڵوەری ئەمساڵ کە دووهەمین رۆژی حکوومەتییە لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانخوازانەی خەڵکی ئێرانەوە وەك دەرفەتێك بەمەبەستی دەرکەوتن و بەردەرامی کەڵکی لێ وەردەگیرێ، ئەم بزووتنەوەیەی هەنگاوێکی دیکە بەرەو پێش و بەرەو رادیکالیزە بوون لە دروشم و داخوازەکان دا برد. بۆیە سروشتییە کە چاوەڕوان بین ئەم بزووتنەوەیە بۆنە حکومەتییەکان و دەرفەتەکانی دیکەش هەر بەم شێوەیە بقۆزێتەوەو هەنگاوی گەورەتر باوێژێ.

# ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٩ی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبوردن لە بارەی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا

(بەشی یەکەم)

کاربەدەستانی ئێران بە توندی درێژەیان بە سنووردانان بۆ ئازادیی ڕادەربڕین، پێکهێنانی ڕێکخراوو کۆبوونەوە داوە. چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ وێنە داکۆکیکارانی مافەکانی ژنان و مافە مرۆییەکانی دیکەو هەروەها داکۆکیکارانی مافی کەمایەتییەکانیان بەرەوڕووی فشارێکی زۆر کردۆتەوە. چالاکانیان دەسبەسەرو زیندانی کردوە و لە ڕێگەی دادگایی ناعادڵانەوە خستۆتە ژێر چاوەدێرییەوە، پێشیان بە سەفەرکردنیان بۆ دەرەوە گرتووەو کۆبوونەوەکانیان شێواندوون. ئەشکەنجەو هەڵسوکەوتی نالەبار لەگەڵ دەسبەسەرەکان برەوی هەبووەو هاوکات لەگەڵ ئەوە بکەران لە سزادان پارێزراو بوون. حوکمگەلی لێدانی قامچی و بڕینی ئەندام لە ڕاپۆرتەکاندا ئاماژەیان پێ کراوە. دەرکەوتوە کە لانیکەم ٣٤٦نەفەر ئێعدام کراون بەڵام ژمارەی ڕاستەقینەی ئێعدام کراوان ڕەنگبێ لەوەش زیاتر بێ. دوو پیاو لە ڕێگەی بەردبارانەوە ئێعدام کراون. لە نێوان ئێعدام کراواندا هەشت تاوانباری مێرمندالّ هەبوون.

**سەرەتا:**

نائارامی لە نێو کەمایەتییە ئەتنییە گەورەکانی ئێران، بەتایبەت لە ئازەربایجان، کوردستان، بەلووچستان بە هۆی هەست کردنیان بە تەریک کەوتنەوەو گوێنەدانی حکوومەت لە دابینکردنی مافە ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانیان و هەروەها مافە مەدەنی و سیاسییەکانیان درێژەی هەبووە.

دەوڵەت کۆمەڵێك گۆڕانکاریی لە قانوونی سزادان و هەندێك قانوونی دیکەدا پێشنیار کردوە کە ئەگەر پەسند بکرێن مافی مرۆڤ زیاتر لەوەی کە هەیە پێشێل دەکرێ.

ئاریشەی نێونەتەوەیی سەبارەت بە پرۆژەی پیتاندنی ناوکیی ئێران درێژەی هەبووە. لە مانگی مارسدا، ئەنجومەنی ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسندی کرد کە ئابلۆقە ئابووری و سیاسییەکانی ساڵانی پێشوو درێژ بکاتەوە. ڕەخنە نێونەتەوەییەکان لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ درێژەی کێشا. بان کی مون سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێك لە مانگی ئۆکتۆبردا داوای لە حکوومەتی ئێران کرد کە قانوونەکانی وڵات لەگەڵ ئیستانداردە نێونەتەوەییەکان ڕێك بخاو کۆتایی بە جیاوازی-دانان دژی ژنان و کەمەئەتنی و ئایینییەکان بێنێ. لە مانگی نوامبردا کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە حکوومەت کرد کە ئازار، هەڕەشەو بەدواداچوونی دژبەرانی سیاسی و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ ڕابگرێ، مافە پێوەندیدارەکان بە دادگایی دادپەروەرانە دابین بکاو چی دیکە پێشێلکەرانی مافی مرۆڤ لە سزادان نەپارێزی. کۆڕی گشتی هەروەها داوای لە ئێران کرد کە بۆ سەردانی نوێنەرانی دامەزراوەکانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاسانکاری بکا.

**داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ**

داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ لە ژێر هەڕەشەو ئازاردا بوون بەڵام درێژەیان بە خەباتی خۆیان بە مەبەستی دابینکردنی زیاتری مافەکانی ژنان و کەمەئەتنی-یەکان و بنەبڕکردنی ئێعدامی تاوانبارانی مێرمندالّ دا. هێندێکیان دەسبەسەرو زیندانی کران و لە سەر بنەمای تۆمەتگەلی ناڕوون لێ پێچینەوەیان لێ کرا، هێندێکیشیان سەفەر بۆ دەرەوەیان لێ قەدەغە کرا.

- شیرین عیبادی براوەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل و لە ئەندامانی دامەزرێنەری دامەزراوی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤی جێگر لە تاران بەرەوڕووی ئازار، هەڕەشەو تۆقاندن لە لایەن دەزگا حکوومی‌یەکانەوە بووەوە. لە ٢٩ی دێسامبر کەسانێك بە ناوی بازڕەسی ماڵیاتی هێرشیان کردە سەر نووسینگەی ناوبراوو فایلە نهێنییەکانی (موکل)ـەکانی ناوبراویان لەگەڵ خۆیان برد.
- لە مانگی دێسامبر، ماوەیەکی کورت دوای بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی بەرزڕاگرتنی شێستەمین ساڵڕۆژی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، مەئموورانی ئەمنییەتی ڕێژیم دامەزراوی عیبادیان داخست.
- عیمادەدین باقی سەرۆکی ئەنجومەنی داکۆکی لە مافی زیندانیان، دوای تێپەڕکردنی حوکمێکی ناعادڵانەی زیندانی بە تۆمەتی "تێکدانی ئەمنییەتی نەتەوەیی" کە بە هۆی ڕەخنەی ناوبراو لە بەکارهێنانی سزای ئێعدام لە ساڵی ٢٠٠٣ دەرچووبوو، لە مانگی ئۆکتۆبردا ئازاد کرا. حوکمەکە لە سەرەتادا ڕاگیرابوو. کاربەدەستانی زیندان پێڕاگەیشتنی پزیشکیی بەپەلەو پێویستی ناوبراویان دوادەخست هەرچەند دواتر (مرخصی استعلاجی) پێدرا. باقی و ئەندامانی بنەماڵەکەی لە لایەن دادگای پێداچوونەوە لە تۆمەتەکانیان سەبارەت بە چالاکییەکانی مافی مرۆییان تەبرئە بوون، بەڵام بە پێی ڕاپۆرتەکان دەزگای دادوەری پەروەندەی ناوبراویان بۆ لێکۆڵینەوە بۆ دادگایەکی دیکە ڕاگواست. لە مانگی نوامبردا، دادگایی عیمادەدین باقی بە تۆمەتگەلی پێوەندیدار بە چالاکی لە ئەنجومەنی داکۆکی لە مافەکانی زیندانیان دەستی پێکرد.

**هەڵاواردن دژی ژنان**

ژنان وەک پێشوو لەگەڵ هەڵاواردنی یاسایی و پراکتیکی ڕووبەڕوو بوون و ئەوانەی کە لە سەنگەری خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی ژنان‌دا بوون کەوتنە بەر ئامانجی سەرکوتی حکوومەت. مەجلیس پرۆژە یاسایەکی لە بەردەست دایە کە ئەگەر پەسند بکرێ سنووردانان و بەرتەسك کردنەوەی نوێی سەبارەت شوێنی نیشتەجێ بوون، دەسڕاگەیشتنی ژنان بە زانکۆی دڵخوازیان لێ دەکەوێتەوە. خاڵە کێشە خولقێنەکانی تایبەت بە زەماوەند کە لە پێشنووسی ئەو پرۆژە یاسایەدا هاتبوو لە ژێر فشاری خەباتکارانی مافەکانی ژنان لابردران. کاربەدەستان گۆڤاری "زنان"و ماڵپەڕەکانی تایبەت بە مافی ژنانیان داخست و کۆبوونەوە بە دوور لە توندوتیژییەکانی چالاکانی مافەکانی ژنان وەك ئەندامانی "کەمپەین بۆ یەکسانی" کە داواکاری کۆتایی هێنان بە هەڵاواردنی یاسایی دژی ژنان بوون، شێواند.

لە مانگی فێوریە ڕاپۆرتنووسی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە توندوتیژی دژی ژنان و هۆکارو دەرکەوتەکانی ئەو توندوتیژییانە ڕایگەیاند کە حکوومەت وڵامی هیچ نامەیەکی لە ساڵی ٢٠٠٧دا نەداوەتەوە. لە مانگی نوامبردا ناوبراو ڕەخنەی لە ئێران گرت بە هۆی سەرکوتی داکۆکیکارانی مافی ژنان. دەیان خەباتکاری مافەکانی ژنان دەسبەسەر کراون و لێکۆڵینەوەیان لێ کراوەو هەندێکیان بە هۆی چالاکییە ئاشتیخوازانەکانیان دادگایی کراون، بۆ وێنە نزیك ١٠ کەس لە دادگا بەراییەکان بە زیندان و لانیکەم لە دوو مەوریددا بە لێدانی قامچی مەحکووم کراون.

- مەریەم حوسێن خاه، پەروین ئەردەڵان،جلوە جەواهیری وناهید کشاوەرز لە مانگی سێپتامبردا بە شەش مانگ زیندان مەحکووم کراون. ناوبراوان بە تۆمەتی "پڕوپاگەندە دژی نیزام"بە تاونبار ناسراون و چاوەڕوانی پێداچوونەوەن. ئەوان بە هۆی ئەو وتارانەی بۆ ماڵپەڕی "کەمپەین بۆ یەکسانی" و "زەنستان" نووسیویانە تۆمەتبار کراون. "زەنستان" ماڵپەڕێکی مافی ژنانە کە لە ساڵی ٢٠٠٧ لە لایەن کاربەدەستانەوە داخرا.

**ئازادیی ڕادەربڕین و ڕێکخراو**

کاربەدەستانی ئێران بە بەرتەسککردنەوەی دەسڕاگەیشتن بە ئینترنێت، داخستنی ڕۆژنامەکان و بڵاوکراوە خوێندکارییەکان و ڕاونانی ئەو ڕۆژنامەوانانەی کە ڕاپۆرتەکانیان ڕەخنەگرانە لە قەڵەم دراوە، دەستیان داوەتە سەرکوتی جیابیری. مەئموران دەستیان داوەتە ئازارو هەڕەشەو گرتنی مامۆستایانی زانکۆ، چالاکانی سەندیکا کرێکارییەکان و خوێندکارانی ڕیفۆرمخواز.

دەیان خوێندکار بە هۆی پشتیوانی لە مافی خوێندکارانی دەرکراوو ڕیفۆرمخوازان لە زانکۆکان دەرکراون یا خوێندنیان ڕاگیراوە. ژمارەیەکی دیکە بە هۆی بەشداری لە ڕێپێوانەکاندا دەسبەسەرو زیندانی کراون کە دەکرێ ناوی زیندانیانی ویژدانیان لێ بنرێ.

کاربەدەستان، خەڵکیان لە بەر وەزعی ڕواڵەتیان وەبەر ئازارو هەڕەشە داوە. لە مانگی مارسدا بە بەکار هێنانی مەسەلەی "گوزینش" کە یەکسانیی هەلەکان لە کەسانی خوازیاری کار لە بەشی دەوڵەتی بە هۆی بیروڕای سیاسی یا بەستراوەیی ئایینیان لە باردەبا، ژمارەیەکی زۆریان بێبەش کردوون. هەزاران کەسیان لە بەربژێری بۆ هەڵبژاردنی مەجلیس بێبەش کردوە.

- لە مانگی ئوتدا مەئموورانی ئەمنیەتی بە زۆر پێشیان بەکۆبوونەویەکی ئاشتیوازانە کە بە بۆنەی بیستەمین ساڵڕۆژی ئێعدامە بەکۆمەڵەکان لە ساڵی ١٩٨٨ ـ کە کەس وڵامدەریان نەبوو ـ لە گۆڕستانێکی بێ ناوو نیشان لە تاران گرت. بەدوای ئەوەدا لانیکەم سێ کەس بە هۆی بەشداری لەو ڕێوڕەسمەدا یا نیەتی بەشداری مەحکووم بە زیندان کران.




نائارامی لە نێو کەمایەتییە ئەتنییە گەورەکانی ئێران، بەتایبەت لە ئازەربایجان، کوردستان، بەلووچستان بە هۆی هەست کردنیان بە تەریک کەوتنەوەو گوێ-نەدانی حکوومەت لە دابینکردنی مافە ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتییەکاندیان و هەروەها مافە مەدەنی و سیاسییەکانیان درێژەی هەبووە

## چاوەدێری مافی مرۆڤ:

# شاردنەوەی دەستدرێژی جینسی لە زیندانەکان کۆتایی پێبێنن

ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە دەسەڵاتی قەزایی ئێران کرد بە پەلە دەست بە لێکۆڵینەوە لە پەروەندەی دەستدرێژییە جینسی‌یەکان لە زیندانەکان دا بکا.

سارا لی ویتسون بەرپرسی چاوەدێری مافی مرۆڤ لە بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا ڕۆژی ١٥ی خەزەڵوەر لەو بارەیەوە گوتی: "ئەوە شەرماوییە کە حکوومەتی ئێران دەیەوێ چاوی خۆی لە ئاست ئەو شاهید و بەڵگانەی لە بارەی ئازار و شکەنجەی جینسی لە سەر زیندانیان لە لایەن بەرپرسانی زیندانەکانەوە بەڕیوە چووە ببەستێ".

ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان سێ لەو کەسانەی دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماری دەستبەسەر کران و لە زیندان دەستدرێژی جینسی‌یان کراوەتە سەر وەك نموونە کردۆتە بەڵگە بۆ بوونی ئەو دیاردەیە لە زیندانەکانی ئێراندا. پزیشکی قانوونی جێ شوێنی ئازار و شکەنجەی زۆر بەسەر لەشی ئیبراهیم مێهتەری چالاکی سیاسی کە لە ئاکانی شکەنجە و بەدرەفتاری بەرپرسانی زیندان دیتوە و لەگەڵ قسەکانی ناوبرو لە بارەی ئازار و شکەنجەی جینسی یەکدەگرێتەوە تەئید کردوە. بەڵام بەرپرسانی دەزگای قەزایی ئێران لە لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر ئەو پەروەندەیە خۆیان بواردوە و لە جیاتی ئەوە هەڕەشەیان لە مێهتەری و بنەماڵەکەیان کردوە ئەگەر لەبارەی ئازار و شکەنجە لە زینداندا قسە بکەن لەگەڵ لێپرسینەوە ڕووبەڕوو دەبن.

دووهەمین نموونە ئیبراهیم شەریفی ٢٤ ساڵەیە کە لە ڕێکەوتی ٢٣ی ژوئەن دوای هەڵبژاردن گیرابوو. ناوبراو بە ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤی ڕاگەیاندوەوە کە لە زیندان بە چاو و دەستی بەستراوەوە دەستدرێژی جینسی کراوەتە سەری. شەریفی هەروەها وتوویەتی دوای ئازاد بوونیش بە هۆی کاریگەرییەکانی ئەو ڕووداوە ناخۆشە چەندین جار ویستوویەتی خۆی بکوژێ. ناوبراو هەوەها وتوویەتی بەرپرسانی دەزگای قەزایی نەك ساکالایان لێ‌قبووڵ نەکردوە بەڵکوو لە جیاتی پێ‌ڕاگەیشتن بە سکالاکەی هەڕەشەیان لێ‌کردوە ئەگەر لەو بارەیەوە هیچ بدرکێنی بنەماڵەکەت دەکەونە مەترسییەوە. ئیبراهیم شەریفی ئێستا لە دەرەوەی وڵاتە.

سێهەمین پەروەندەی دەستدرێژی جینسی لە زیندانەکانی ئێران، مریەم سەبری ٢١ ساڵەیە کە لە ٣٠ی جولای لە ڕێوڕەسمی چلەی ماتەمینی ندا ئاقا سوڵتان ـ کە لە خۆپیشانی ناڕەزایەتی بە ئاکامی هەڵبژاردن کەوتە بەر گوللەی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران ـ دەستبەسەر کرابوو. مریەم سەبری گوتوویە کە چوارجار لەلایەن زیندانوانەکانەوە دەستدرێژی جینسی کراوەتەسەر.

سارا لی ویتسون لەو بارەیەوە دەڵێ: وێنەو بەڵگەکان لە بارەی شکەنجە و دەستدرێژی‌یەکان بۆخۆیان باشترین شاهیدن لەسەر ئەوانەی ئازار دراون. بەرپرسانی قەزایی لە کەروبییان پرسیوە باوکی ئیبراهیم مێهتەری چۆن توانیویەتی وێنە لە لەشی بریندار کوڕەکەی بگرێ و بیکاتە بەڵگەو دیکۆمێنت؟ ئەو قسانەی بەرپرسانی قەزایی بۆ ئەوە بووە کە قسەکانی کەروبی لەسەر دەستدرێژی بە زیندانیان لە لایەن بەرپرسانی زیندانەکانەوە بێ ئێعتبار بکەن. مێهدی کەرووبی بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی وەزعییەتی زیندانیانی سیاسی کە دوای هەڵبژاردن دەستگیر کران پێك هێنابوو.

قەدەغە بوونی ئەشکەنجە یەکێك لە بەشە سەرەکییەکانی یاسای نێونەتەوەیی‌یە و کاربەدەستان لەسەریانە ئەو کەسانەی پەنا بۆ ئەشکەنجە دەبەن، لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەیان لەگەڵ دا بکەن. کۆمیتەی مافی مرۆڤ کە بەرپرسی تەفسیر و لێکدانەوەی کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسی‌یەکانە ئێرانیش ئەندامی ئەو کۆنڤانسیۆنەیە ـ و ڕای گەیاندوە کە سکاڵاکانی پێوەندیدار بە بەدرەفتاری دەبێ بە شێوەیەکی جیددی و کاریگەر لە لایەن کاربەدەستانی خاوەن دەسەڵاتەوە لێی بکۆڵدرێتەوە و ئەوانە کە بە تاوانبار ناسراون دەبێ لە بەرامبەر ئەو کارانەدا کە کردوویانە، وەڵامدەر بن. ئەوانەش کە بوون بە قوربانیی بەدرەفتاری دەبێ دڵنەوایی بدرێن و ئەم زیانانەی پێیان گەیشتوە، بۆیان قەرەبوو بکرێتەوە.

# پشکی کەمی ژنان لە بەرەوپێشبردنی پەرەستاندن دا

**وەگێڕان بۆ کوردی: شاناز**



ئوێژینەوەیەکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەری دەخا کە پیشەکرنگەکان لە بوارەکانی ئابووری و سیاسەت دا، بەزۆری بەدەست پیاوانەوەیە. ژنان بە دەگمەن دەرفەتی بەدەستەوەگرتنی پوستە گرنگەکانیان لەم بوارانە دا هەیە.

ژنان لە سەریەك لە سەراسەری جیهان دا، بەشدارییەکی کەمیان لە نبڕیارە چارە نووسسازەگان بەتایبەتی لە بوارەکانی ئابووری و سیاسەت دا هەیە. ئەم ئاکامانە لەو توێژینەوەیە وەرگیراون کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژیر ناوی" ڕاپرسی لە ئاستی نێونەتەوەیی دا لە بارەی ڕۆڵی ژنان لە پێشکەوتن و پەرەستاندن دا" ئەنجامی داوە. ئەم توێژینەوەیە، هەروەها دەری دەخا کە ئەو کۆمپانیا ئابوورییانەی بەسەرۆکایەتییەکەیان بە ژنانە، سەرکەوتووترن.

**ژنان و سیاسەت**

کاریگەریی کەمی ژنان تەنانەت لە وڵاتانێك دا کە ئەندامی ڕێکخراوی" هاوکارییە ئابوورییەکان و پەرە رەستاندن " یشن، بەرچاو دەکەوێ. ئەم ڕێکخراوەیە بەمەبەستی جێبەجێ کردنی پرۆژەی نبیاتنانەوەی وڵاتانی ئورووپایی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی دامەزرا. بەڵام دواتر وڵاتانی دیکە لە ناوچە جۆراوجۆرەکان ڕەگەڵی کەوتن. ڕێکخراوی " هاوکارییە ئابوورییەکان و پەرەستاندن" ئێستا بە یانەی وڵاتانی دەوڵەمەندی و هاوبیرن ناوبانگە کە ئامانجەکەی پەرەپێدانی بنەماکانی ئابووریی ئازادو دیموکراتیکە. زۆربەی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیە خاوەنی ئابووریی بەهێزن. بەڵام بۆ وێنە لە بواری سیاسەت دا، ژنان تەنیا پێج یەکی کورسییەکانی پارلمانیان هەیە.

**ژنان و ئابووری**

ئاکامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٩ دا ئەنجام دراوە، ڕۆژی دووشەممە(٢٦ی ئۆکتۆبر) لە نێویورك ڕاگەیەندرا. بەگوێرەی داتاکانی ئەم توێژینەوەیە، تێکوشانی ژنان لە بواری ئابووری دا لە چاو تێکوشانی پیاوان، پێشکەوتنی زیاتری بەدواوە بووە. لە ریزی ئەم پێنج سەد کۆمپانیا سەرکەوتوویەی کە هەموو ساڵێ ناوەکانیان بڵاو دەبێتەوە، ئەو کۆمپانیایانەی ژنان پەڕێوەیان دەبەن، لە باری بازدەی کارەوە، لە پێشتر بوون و سوودی ئەو دەسمایانەش کە لەم کۆمپانیایانە دا دەگەڕ خراون، لە چاو ساڵی ڕابردوو، بەرەوژوور چوونێکی بەرچاویان بە هەبووە. بەم حاڵەش تەنیا چواریەکی کۆمپانیا گەورە ئابوورییەکان، زیاتر لە ژنێکیان لە پۆستە گرنگەکانی خۆیان دا دامەزراندوە.

بەگوێرەی ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لە ئاستی نێونەتەوەیی دا کروە، نۆروێژ و سوئێد زۆرترین ژمارەی ژنانیان لە ئاستە بەرزەکانی بەڕێوەبەرێتی دا داناوە. بەڵام ئیتالیا پورتەغال و ژاپۆن کەوتوونەوە بنەوەی ئەم پێرستە.

سەرچاوە: ماڵپەری
deusche wele

# ڕۆژنە

# بەسیجی قوتابی و پێوەندیی بە ڕەگ داکوتانی توندوتیژی لە کۆمەڵگادا

**عەلی بداغی**

لە خۆپیشاندان و ڕێوڕەسمی ڕۆژی ١٣ی خەزەڵوەری ئەمساڵش دا وەزیری پەروەردەو فێرکردنی پێشووی کۆماری ئیسلامی لەنێو قسەکانیدا کە بەمەبەستی ڕێزگرتن لەقوتابییان و ڕۆڵی پڕبایەخی ئەوان دەیکردن، ئاشکرای کرد کە ٣٦٠٠٠ قوتابیی قۆناغەکانی ناوەندی لەکاتی شەڕی ٨ساڵەی عێراق و ئێراندا، لەبەرگی شەڕکەری و لە بەرەکانی شەڕدا کوژراون.

قسەکانی ئەو بەرپرسەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەڕۆژی قوتابی لە ئێراندا بووە بیانوویەك کە مژاری ئەو جارەی "ڕۆژنە" بۆ باس لەسەر دیاردەی بەسیجی قوتابی و بەکارهێنانی منداڵان لەکاروباری سیاسی و نیزامی و کاریگەریی ئەندامەتیی منداڵان لە ریکخراوە شێوە نیزامییەکان لەسەر بیچمگرتنی کەسایەتیی ئەوان و پەرەپێدان بە دیاردەی توندوتیژی لەکۆمەڵگا تەرخان بکەم.

خومەینی لەسەرماوەزی ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی دا بڕیاری دامەزراندنی بنیاتێکی لەژێر ناوی"بەسیجی موستەزعەفین" دا دەرکرد. پاش دامەزرانی ئەو بنیاتە شێوە نیزامییە، ڕێکخراوەکانی بەسیج لە مزگەوتەکان، ئیدارە دەوڵەتییەکان، زانکۆ و قوتابخانەو خوێندنگەکان دا بیچمیان گرت و دەستیان بە تۆربەندیی ئەندامگیری لەنێو منداڵان و مێرمنداڵان لەئاستێکی بەربەرین داکرد.

ئەو ڕەوتە لە ئێران بەپشت بەستن بەبنەمایەکی ئیدولۆژیکی و مەزهەبی و لەپێناو وەدیهێنانی تێزی "ئەرتەشی ٢٠میلیۆنیی " خومەینی دا پەرەی بەکارو چالاکیی‌یەکانی خۆی لەڕەهەندەکانی پەروەردەیی، کلتووری و نیزامی لەنێو منداڵان و مێرمنداڵانی خوێندنگەکان دا.

دوای دەسپێکردنی شەری نێوان عێراق و ئێران "بەسیجی موسیتەزعەفین" کرا بە ژێر کۆی سپای پاسداران و لەکردەوە دا بوو بە ڕێکخراوێکی شێوە نیزامی.

لەکاتی شەڕی ٨ساڵە داو بەپێی ئامارە ڕەسمی‌یەکانی خودی حکوومەت زیاتر لە ٥٥٠ هەزار قوتابی لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوەیەوە نێردرانە بەرەکانی شەڕ. لەوانە ٣٦هەزار کەسیان کوژران، زیاتر لە ٣٣٠ هەزار کەسیان کەمئەندام و نقوستان بوون و زیاتر ٢٦٠٠٠کەس لەوانیش لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە بەدیل گیران و لە ئۆردووگاکانی دیلەکانی شەڕدا منداڵی و مێرمنداڵیی خۆیان تێپەڕاند.

ئێران یەکێك لەو وڵاتانەیە کە کۆنڤانسیۆنی جیهانیی مافی منداڵانی بەرەسمی ناسیوە. مادەی ١٩ی ئەو کونڤانسیۆنە هەرچەشنە توندوتیژییەك دژی منداڵان و هەر جۆرە کەڵکی خراپ وەرگرتن لە منداڵان بۆ مەبەستە سیاسی و نیزامییەکانی مەحکووم کردوەو وڵاتانی ئەندامی ئەو کۆنڤاسیۆنەشی ئەرکدار کردوە کە ڕێ لەهەر چەشنە هاندان و بەشدارییەکی منداڵان بۆ مەبەستە نیزامییەکان بگرن.

بەڵام لەڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بەبێ گوێدان بە هیچ کام لەو پڕەنسیب و ڕێوشوێنانە ئورگانیزمەکانی بەسیجی قوتابییان هەردەم زیاتر دەکرێنەوەو ڕێژیم گەلێ جار بەمەبەستی کەڵك وەرگرتنی سیاسی و تەنانەت ڕەوایی بەخشین بەخۆی یارمەتی و هێزی لەو ئورگانیزمانەی وەرگرتوە، بەبێ ئەوەی هیچ بۆی گرینگ بێ کە هاندان و بەشداری کردنی منداڵان و قوتابییان لەو بوارەدا چیها زیانی جەستەیی و دەرونییان پێ دەگەیەنێ و چەندەش بوار بۆ پەرەپێدان بە توندوتیژی و کلتووری شەڕەنگێزی و توندوتیژی لەکۆمەڵگا دا زۆر خۆش دەکا !

دیاردەی بەسیجی قوتابیی پێوەندیی ڕاستەوخۆی بەدیاردەی ڕەگداکوتانی توندوتیژی لەهەناوی کۆمەڵگادا هەیە. بەپێی ئامارە حکوومەتی‌یەکان لەزیاتر لە ٧٠٠٠ حەوزەی پەروەردەیە، واتە قوتابخانەو خوێندنگەکان داو لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی دا ٤میلیون و ٦٠٠ هەزار قوتابی وەك ئەندامی سادەو ئەندامی کاراو چالاکی بەسیجی قوتابی‌دا ڕێك خراون و کاریان پێ ئەسپێردراوە. لەم دواییانەشدا تەنانەت بۆخۆدزینەوە لەفشاری ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و مافی منداڵان دەمامکی بەسیجیان لەسەر ئەو ئورگانیزمانەیان هەڵ گرتوەو لە قوتابخانە سەرەتایی‌یەکان دا لەژێر ناوی" تەرحی هۆمێدان" لە قوتابخانە ناوەندییەکان لەژێر ناوی "تەرحی پویەندەگان" و لەخوێندنگە دواناوەندییەکانیش دا لەژێر ناوی "تەرحی پیشگامان" دا چالاکییە فێرکارییەکانیان لەبواری ئیدولۆژیکی و نیزامی دەبەنە پێشێ و پەرەیان پێ دەدەن.


ئاساییشە کە ئەگەر منداڵێك هەر لە تەمەنی کەم و لە قۆناغی سەرەتاییی خوێندن دا بە بنەمایەکە ئیدولوژیکی گۆش بکرێ و فێری بەکارهینانی چەك و ڕاهێنانە نیزامیەکان بێ، نەك هەر ئەوەی بیچمەکانی توندوتیژی لەکۆمەڵگا دا ڕەگدادەکوتن، بگرە ڕێژیم لەو هێزانە و لە کاتی پێویست دا بە مەبەستی ڕەوایی دان بە نیزام و دەسەڵاتەکەی کەڵکی زۆر خراپ وەردەگرێ، بەتایبەت بەلەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە قۆناغی ژێر ١٨ساڵ هەڕەتی هەڵچوون و یاخیبوونی مرۆڤەو لەو تەمەنەدا مرۆڤ زۆر بە ئاسانی دەتوانێ بکەوێتە ژێر کارتێکەرییەکانی کەشی درۆیینی پەروەردە ئیدئۆلۆژیك و ببێتە گۆپاڵ و ئەبزاری سەرکوتی دەسەڵاتبەدەستانی حکوومەتی.

بۆ پێوەندی گرتن بە لاپەڕەی کۆمەڵایەتی:

komelayeti@hotmail.com

# هزری نەتەوەیی لە شێعری فایەق بێکەسدا

سامان فەقێ نەبی




فایەق بێکەس، شاعیرو ڕووناکبیرێکە کەشیاوی ئەوەیە شانبەشانی حاجی قادری کۆیی و پیرەمێرد لەبواری وروژاندنی گوتاری ناسیۆنالیستی لەنێو ئەدەبیاتی کوردی دا بە پێشەنگی بزانین. فایەق بێکەس ئەگەر هەژاریی ئەو دەرفەتەی لێ نەستاندبا کە لەجیاتی جگەرە فرۆشتن و کرێکاری و ...، درێژەی بەخوێندنی ئاکادێمیك دابا،بێ گومان لەئاستی ئەدەبیاتی جیهاندا هاوشێوەی ڕووناکبیرانی پێشەنگی ناسیۆنالیزمی ئاڵمانی وەك هێردێر و فیختە کاریگەری و شوێنپێی بەسەر فکرو ئالیدیای مرۆڤ لەهەموو کون و قوژبنێکی جیهاندا دیار دەما. ئەگەر داگیر کردنی خاکی ئاڵمان لەلایەن فەرانسە بووە بە هاندەرێك کە چەشنێك لە ناسیۆنالیزمی ڕۆمانتیکی لە هزری هێردێرو پاشان فیختە دا چەقەرەی بکا و لەناو ڕەگ و دەمارەکانی هەموو تاکەکانی ئاڵمان دا بڵاو بێتەوە، بەهەمان شێوە دابەش کردنی کوردستان بەسەر دراوسێکانیدا و ئەو هەقارەتەی کە میللەتی کوردیش تووشی هات، بیکەسی شاعیرو ڕووناکبیری هان داوە کە بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەو تەنانەت لەهێندێك بارەوە حماسی و ڕۆمانتیکەوە، ناسیۆنالیزمی کورد لەبواری ئەدەبیاتدا بێ خاوەن نەهێڵێتەوە.

بێکەس هاوشێوەی ڕووناکبیرانی ئاڵمانی ئەو ڕاستییەی لەبەچاو گرتوە کە هەستی نەتەوایەتی لەنێو کورددا هەر وەکوو ئاڵمانیەکان لە بەراورد لەگەڵ دراوسێکان درەنگتر پەیدا بووەو پەیدا بوونەکەشی تارادەیەك بەشێواوی بووە.

ئەگەر ئەو شێواوییە بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕووناکبیرانی پێشەنگی ناسیۆنالیزمی ئاڵمانی تاك گەرایی و ڕوشنگەری بخەنە پەراوێزەوە، لای بێکەسی شاعیریش ئەو شێواوییە بەجۆرێك لەجۆرەکان خۆی دەرخستوەو لە هێندێك حاڵەتدا بە شێوەیەکی ڕۆمانتیك و حەماسەیەکی لە ڕادەبەدەر دەرکەوتوە و لە هێندێك حاڵەتی تریشدا بەپێچەوانە بە نێو ناهومێدی و داماوییەکی قورسدا ڕۆچووە و وای لێهاتووە کە وەکوو گڕکان بە توووڕەییەوە لۆمەی نەتەوەکەی بکا.

بۆ ئەوەی ئەو هەورازو نشێوییە لە شێعری ناسیۆنالیستیی بێکەسدا ڕوونتر دیارخەین، لێرەدا ئاماژە بەچەند نموونەیەك دەکەین.

بارودۆخی پاشکەوتووی کۆمەڵگەی کوردی وایکردووە کە بێکەس نەك وەك ڕووناکبیرێکی گۆشەنشین بەڵکو وەك خەباتکارێك کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەکەی بەزمانێکی سادە بخاتە سەر کاغەز و بەو قوڵ لێهەڵمالینەی بەشێك لە کەلێن و بۆشاییەکانی گوتاری ناسیۆنالیستیی کورد قەرەبوو بکاتەوە، بۆ وێنە لەم شێعرەدا ئەو پەڕی باوەڕمەندیی خۆی بە ئیرادەی نەتەوەی نیشان دەدا:

**قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەر ڕووی زەمین**
**میللەتێکی قارەمانن هەر ئەبێ سەربەست بژین**
**میللەتێ لاوی لەرێگەی سەر بەخۆیی نیشتمان**
**بێتە بەر سێدارە، بێ ترس، دەم بە خەندە و پێکەنین**
**قەومی وا نامرێ ، ئەژی، با دوژمنی هەر شەق بەرێ**
**ساحێبی ڕۆڵەی نەبەردە، خاوەنی عەزمی مەتین**
**ئەو کەسەی گیانی لە ڕێگەی نیشتمانا بەخت ئەکا**
**پێی مەڵێن مردوو، شەهیدە، وا لە فیردەوسی بەرین**
**لاوی کورد مەردە، لە مردن قەتعیەن باکی نییە**
**پەندی پێشینانە، ڕاستە"بەرخی نێر بۆ سەر بڕین"**
**وا وەتەن دیسان بە مەحزوونی ئەڵێ: ئەی لاوەکان**
**بۆ چی وا مات و مەلوولن، بەسیەتی شین و گرین!**
**ڕۆژی تێکۆشانە، سا دەی هیممەتێ تاکو زووە**
**بەشکو لەم حاڵەتە نەجاتمان بێ و لە دیلی دەربچین!**
**گەرچی هەندێ کەس خەریکن ورگ و گیرفان پڕ ئەکەن**
**شەو بە بێ خەم سەر ئەنێنە سەر سەرین، هەر سەرسەرین**
**پیاو ئەبێ دائیم خەمی قەوم و وڵاتی خۆی هەبێ**

ئەو کەسانەی بێ خەمن حاشا نەوەی ئەم خاکە نین

پیرۆزیی وەتەن لای بێکەس نەگۆڕە، بەڵام گەورەیی میللەت بەوەوە بەستراوە کە تاچ ئاستێك ڕیبازی نیشتمانپەروەریو خەبات و دوورکەوتنەوە لە نیفاق پەیرەو دەکا و غەیری ئەوە میللەت شایانی نەمان و فەوتانە.

سەرەڕای ئەوە هەروەکو ئاماژەی پێکرا وەکو هەموو مرۆڤەکان کات و شوین کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر باری دەروونی بێکەس داناوەو ئەمەش وای کردووە کە هێندێك جار ناوەڕۆکی شێعرەکانی ڕەخنەیەکی تیکەڵ بە ناهومیدی بە خۆوە بگرێ و تارماییەك لە نێهێلیزمی نیچەیی باڵ بەسەر قەڵەمەکەی بێکەس دا بکێشێ. ئەو شێعرەی خوارەوە لوتکەی ئەو جۆرە حاڵەتە تایبەتیانەی بێکەسە:

**کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد، نۆکەری بێگانەیە**
**دوودڵن،پیسن لەگەڵ یەك، بۆیە وا بێ لانەیە**
**میللەتێکن بۆ نەمانی یەکتری هەر هەوڵ ئەدەن**
**داخەکەم ورد و درشتی شێت و شەیدای ئانەیە**
**سەنعەت و عیلم و مەعاریف زەڕڕەیەك باوی نییە**
**پیاوەتی لایان بە تەنها چەفتەوو جامانەیە**
**بۆ قسەی زل بی قوسوورن، باسی کوردییەت ئەکەن**
**کوردییەت خورمایە بۆچی، یا قسەی شێتانەیە**
**میللەتی بێ عیلم و ئەخلاق چۆن بە ئیستقلال ئەگا**
**واسیتەی بەرزی و تەرەققی هیممەتی مەردانەیە**


بێکەس لەخۆشباوەڕی و لەئاکامدا بێ هەڵوێستیی کۆمەڵگە بەتوندی ڕەخنە دەگرێ و بە نیشانەی کرچ و کاڵی بیر کردنەوەی خەڵکی دەژمێرێ. هەربۆیە لە هەندێك لە شێعرەکانیدا بەردەوام داوا لە میللەت دەکا کە پتر لە هەموو شتێك حیساب لەسەر ئیرادەو هیممەت و کردەوەو پراکتیکی خۆیان بکەن و ئەوان لەو ڕاستییە ئاگادار دەکاتەوە کە ئەو میللەتانەی کە تەنیا هەر وەك تەماشاچی چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە دەستێکی مژدەبەخش لە ئاسۆیەکی دوورەوە بێ و خەونی بەختەوەرییان بۆ وەدی بێنێ، هیچکات ڕووی ڕزگاری و بەختەوەری بە خۆیانەوە نابینن و لەو شێعرەی خوارەوە بە زەقی ئەو پرنسیپە لۆژیکیەی دەربڕیوە:

**دەنگ بڵاوەو خەڵق ئەڵێن ئەمجارە کوردە سەربەست ئەبێ**
**چی ئەڵێن، بیڵێن لەلام وایە درۆو چاوبەست ئەبێ**
**سەد هەزار جارمان سیاسەت تەجروبە کرد و کەچی**
**ئیستەکەش زۆرمان بە فیشاڵی وەها سەرمەست ئەبێ**
**کەی حوقووق ئەدرێ؟ ئەسەنرێ. عەیبە ئیتر تێ بگەن**
**سەربەخۆیی چۆن نەسیبی قەومی وا بێ دەست ئەبێ**
**میللەتی جاهیل لە دنیادا ئەبێ هەر بەندە بێ**
**نۆکەری هەر خشت بە باڵای قەومی دیل و پەست ئەبێ**

هەر لەو پێناوەشدا لە پشت قەفەسی زیندانەوە هەرئەوە دووپات دەکاتەوە کە تاکە ڕێگەی سارێژ کردنی ئەو برینە دڵتەزینانەی کە میللەتی کورد لەکۆڕی خەباتدا تووشی دەبێ و ڕێزگرتن لەبەهای ئەو کوێرەوەرییەی کە لاوانی خوباتگێری نیشتمان لەپێناوی ئازادیدا داویانە، درێژە دانە بە تێکۆشان و سارد نەبوونەوەیە لە خەبات و بەر خۆردان و قامك دەخاتە سەر ئەو ڕاستییە کە "گەلێك ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا" و قەت نەسرەوێ:

**ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیر کەوتەوە**
**وەختی بەندیی و ئەسارەت، پێ بە تەوق و کۆتەوە**
**من لە زیکر و فیکری تۆ غافڵ نەبووم، وا تێ نەگەی**
**حەپس و تێ هەڵدان و زیللەت تۆی لەبیر بردۆتەوە**
**بەو خودایەی بێ شەریك و لامەکان و واحیدە**
**عەشقی تۆ نەوعێ لە دڵما ئاگری کردۆتەوە**
**ئاگرێکی وا هەزار ساڵ ئاوی بڕژێنێتە سەر**
**قەت گڕو کڵپە و بڵێسەی تا ئەبەد نەکوژێتەوە**
**باسی مەحزوونی و کەساسیی خۆت نەکەی توخوا وەتەن**
**چونکە بەو باسە برین و زامەکەم ئەکولێتەوە**
**ماتەمینی تا بەکەی، دەی پێکەنە و سەر هەڵبڕە**
**موفتەخیربە، شوهرەتت وا عالەمی گرتۆتەوە**
**نەگبەتی لاچوو، سەعادەت بۆتە پشتیوانی تۆ**
**کەوکەبی بەخت و فریشتەی بەرزە، ئەدرەوشێتەوە**
**گەرچی بەینێکە زەلیل و دیلی دەستی زاڵمی**
**نۆبەتی شادیتە ئەمجا ناحەزت لێك بێتەوە**
**لافی میللیییەت بەدەم لەم عەسرەدا کەڵکی نییە**
**ڕۆژی هەوڵە، هەر بەهیممەت گۆی هونەر ئەبڕێتەوە**
**بێ قوسوورە، چەند جەسوورە سەد شوکر ئەولادەکەت**
**وا لە ڕێی تۆدا لە خوێنا سەیری چۆن ئەتلێتەوە**
**بەسیە، تەعنەم لێ مەدە هەر ڕۆڵەکەی جارانتم**
**هێندە حیلمت بێ هەتاکو دەست وپێم دەکرێتەوە**
**شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ گەر خودا دەستم بدا**
**دوژمنت پەت کەم وەکوو سەگە بیخەمە ژێر پێتەوە.**

**سەرچاوە: دیوانی بێ کەس، ڕێکخستنی محممەدی مەلا کەریم**



# شەبەقی ناز

ئەمین گەردیگلانی

کووچە چۆڵ و شەبەقی نازێ لە پەنجێرە تکا
ئاسمان شەق بوو تکەی شەونمی ئەستێرە تکا

شەونمی واژە لەسەر کۆشی خەیاڵ بوونە شێعر
کە تریفەی بزە لەو لێوە گوڵاودێرە تکا

وتم: ئەی شۆخی بەدەو بۆخەمی تۆ بوومە هەور
وەرە ئەم تک تکی فرمێسکمە بژمێرە، تکا

ئاوری بەرداوەتە دڵ پێلی گڕهاوێژی نیگات
بکە ڕەحمێک و بە تاڤگەی قژەوە بێرە تکا

مەمکەکەت بگرە لەبەر حاکمی ئەشقی دڵڕەق
بۆ گرێ دانی دڵ و وەسڵی ئەوین خێرە، تکا

سەرم هەڵگرت و لەبەر دەرکی ئەوینم دانا
دایە بەر شەق وتی پێم: باوی نییە لێرە تکا

من نیگام برسییە بۆ دینی گوڵی ڕووت و کەچی
لە نیگات شەونمی ماچی ئەوی چاو تێرە تکا

بوومە تاوێکی سڕی کەوتوو لەنێو کووچەکەتان
چابوو تیرێژی بزەت هات و لەپەنجێرە تکا.

پاییزی ١٣٨٦

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

No. 522 7 Nov 2009

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 - MHZ: 11604 -
Polarization: Horizental - S R: 27500 - FEC: 5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


بەر لەماڵاوایی

# ئامانجدار کردنی یارانەکان بۆ چ مەبەستێک؟

ب. نیان

لەو ماوەیەدا باسی بڕینی یارمەتییە دەوڵەتییەکان واتە یارانەکانی وەك ئارد و شەکر و ڕۆن و برینج و بێنزین و تێچووەکانی ئاو، برق، گاز و گەیاندن لە خەڵکی ئێران یەکێك لە باسە هەستیارەکانی کۆمەڵگای ئێران بوو. دەوڵەتی ئەحمەدینژاد مەبەست لە پێشکەشکردنی ئەو لایحەیە بە مەجلیسی ئامانجدار کردنی یارانەکان، ناو بردوە، بەڵام ڕەخنەگران و ئابووریناسانی وڵات پێیان وایە ئەو بڕیارەی دەوڵەتی ئەحمەدینژاد لابردنی یارانەکان نرخی گرانی و ئاوسانی ئابووری دوو هێندە زیاتر دەباتە سەرێ.

لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا کە "لایحە"ی دەوڵەتی ئەحمەدینژاد سەبارەت بەو شتەی وەك ئامانجدار کردنی یارانە دەوڵەتییەکان باسی لێ دەکرێ، چۆتە مەجلیس و لەوێ تاوتوێ دەکرێ، لەلایەن ڕەخنە گرانەوە ڕەخنەی زۆر لە ئەحمەدینژاد گیراوە کە بە ئامادەکردنی ئەو گەڵاڵەیە، واتە بڕینی یارمەتی پێدوایستییە سەرەکی و ژیانەکییەکانی خەڵکی وەك ئارد و ڕۆن و شەکر و برینج و نەهێشتنی سوبسید لە سەر بێنزین، ئاو، برق، تەلەفون و گاز، ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئێران ئەوەندەی دیکەش تووشی قەیران و ئاستەنگ دەبێتەوە.

بەرپرسانی دەوڵەتی باس لە قازانجەکانی ئەو لایحەیە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی هەژار و مامناوەندی دەکەن، کەچی ئابووریزانانی وڵات و کۆمەڵناس و ڕەخنەگرانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتیش پێیان وایە کە ئەو بڕیارەی دەوڵەت تەنیا گرانیی زۆرتر، نرخی ئاوسان و "تورم"ی زیاتر و چەق وەستانی زیاتری ئابووریی وڵاتی لێ دەکەوێتەوە.

مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ئێران لە کۆبوونەوەی ڕۆژی یەکشەممەی خۆی لەو پێوەندییەدا بڕیاری دا کە شێوەی پێدان و گەڕاندنەوەی ئەو یارمەتییانە بە خەڵك، بە لەبەر چاوگرتنی ڕادەی داهاتی کەسەکان و بە پێی تەشخیس و هەڵسەنگاندنی دەوڵەت و لەلایەن خودی دەوڵەتەوە بەو خەڵکە بدرێ کە ئەو یارمەتییانە دەیان گرێتەوە.

ئەحمەد تەوەکولی، نوێنەری تاران و سەرۆکی ناوەندی توێژینەوەکانی مەجلیس کە لە دژبەرانی ئەو پێشنیارەیە پێی وایە کە ئەو پلانەی دەوڵەت گرفتی یەکجار زۆری هەیە و چونکی هیچ زانیارییەك لە سەر چەندی و چۆنی داهاتی بنەماڵەکان نیە، ناشتوانرێ دیاری بکرێ کە بە هەر کەس و بە هەر بنەماڵەیەك چەندە لەو یارمەتییانە دەبڕێ.

ڕەخنەگرانی ئەو لایحەیە بە ڕەخنە گرتن لە بڕیاری مەجلیس ئەو پرسیارەش دێننە گۆڕێ کە پێدانی ئەو یارمەتییانە بە هەموو خەڵکی ئێران و بە لەبەر چاوگرتنی داهاتیان نەك هەر دژایەتیی لەگەڵ ئەو مەبەستە هەیە کە دەوڵەت ناوی ئامانجدار کردنی یارانەکانی لە سەر داناوە، بگرە ئەو پرسیارەش دێنێتە گۆڕێ کە بۆ وێنە داهاتی منداڵێکی شەش مانگە یان یەك ساڵە چۆن لێك دەدرێتەوە تا بە سەرپەرەستەکەی بدرێ؟ پاشان لەو "لایحە"دا ڕوون نەکراوەتەوە کە داهاتی دەوڵەت چەندەو چۆن دەبێ تا بەو پێیە ڕادەی ئەو یارمەتییانە دیاری بکرێ کە دوایە دەبێ بە خەڵکی بدرێ. پاشان کەسانی ئاتاج و شایانی پێدانی یارمەتیی دەوڵەتیی چۆن لە کەسانی خۆشبژیوو دەوڵەمەند جیا دەکرێنەوەو بە پێی چ پێوەرێك ئەو دوو دەستە دیاری دەکرێن؟

ئەحمەد عەلەوی، ئابووریزان و مامۆستای زانکۆی ستوکهۆڵمی سوئێد بە ڕەخنەگرتن لەو "لایحە"یە دەڵێ کە نرخی "تورم" ئەوجۆرەی کە بەرپرسانی حکوومەتی ئاماژەی پێدەکەن ٢٥ لە سەدە کە بەشێکی ئەو "تورم"ـە شاراوەیەو دەوڵەت بە میکانیزم گەلێکی وەك یارانەکان توانیویەتیی کۆنترۆڵی بکا، بەڵام بە "شناوەر"کردنی نرخی شمەك و کاڵاکان ئەو "تورم"ـە شاراوەیە خۆی دەردەخاو ئەو کات دەردەکەوێ کە نرخی "تورم" زۆر لەوە زیاترە کە ڕاگەیەندراوەو بە چوونەسەرێی نرخی "تورم"یش توانای کڕینی بنەماڵەکان دادەبەزێ و بەمجۆرە ئاستی بژیوی خەڵك نزمتر دەبێ و پەرەسەندنی گرانی و بێکاری لە دوادەرنجامەکانی دیکەی جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیەن.

لایەنێکی دیکەی ئەو "لایحە"یە یان ئامانجی شاراوەی دەوڵەت لەو پرۆژەیە کارتێکەری لە سەر شکڵ گرتنی چینی مامناوەندیی کۆمەڵگایە. واتە کاریگەرییەکانی ئەو تەرحە هەر لە بواری ئابووری‌دا نیەو لە بواری کۆمەڵناسییشدا ڕێژیم چەند ئامانجێکی تایبەت دەپێکێ. دەوڵەت بە ئامانجدار کردنی یارانەکان دەیەوێ بەر بە شکڵ گرتنی چینی مامناوەندیی کۆمەڵگا بگرێ. چینی مامناوەندیی کۆمەڵگا کە پشت بەخۆی دەبەستێ و دەتوانێ سەربەخۆ لە حکوومەت بێ، ویست و داوا سیاسییەکانی تایبەت بە خۆشی دەباتە پێشێ و ڕێژیم لە بیری ئەوەدایە هیچ چینێکی سەربەخۆ لە کۆمەڵگای ئێراندا دروست نەبێ کە پێویستیی ژیانەکیی بە دەوڵەت نەبێ.

# وێبلاگنووس

## گۆشەیەك بۆ ناساندنی وێبلاگە کوردییەکان

**وێبلاگی ناوەندی هەواڵی "کوردستان و کوردنیوز"**، هەروەك لە ناوەکەی را دیارە وێبلاگێکە تایبەت بە هەواڵ و ڕووداوەکان کە زیاتر بایەخ بە دەنگوباس و ڕووداوەکانی کوردستان و ئێران بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدا.

وێبلاگی ناوەندی هەواڵی "کوردستان و کوردنیوز" بەیانیی هەموو ڕۆژێك بەڕۆژ دەبێتەوە تێیدا وێڕای گرینگیدان بە ڕووداوە سیاسییەکان، لەسەر چالاکییە هونەری و هەروەها پرسە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕیپۆرتاژ بڵاو دەکاتەوە. هەروەها ئەو وێبلاگە جگە لەمانەی باس کرا هەموو ڕۆژێ هەواڵنامەیەك بە دوو زمانی کوردی و فارسی دەخاتە بەر دیدی خوێنەرانی خۆی.

ئەم هەواڵ و بابەتانە لاپەڕەی یەکەمی ڕێکەوتی ١٦ی خەزەڵوەری ئەم وێبلاگە پڕ دەکەنەوە:

هەواڵنامەی "کوردستان و کوردنیوز" شەممە، چاوەدێری مافی مرۆڤ: دەزگای قەزایی تاوانی جینسی بۆ سەر زیندانیان دەشارێتەوە، گواستنەوەی ٤٠٠ کەس لە گیراوانی ڕۆژی ١٣ی جۆزەردان بۆ گرتووخانەی ئێڤین، فتوای مونتەزیری لە سەر زمانی زگماکیی نەتەوەکانی ئێران، تاقی کردنەوەی موشەکێکی ئەتومیی پێشکەوتوو لە لایەن ئێرانەوەو ......




خوێنەرانی بەڕێز بۆ زانیاریی زیاتر دەتوانن سەردانی ئەم ناونیشانە ئینتێرنێتییە بکەن.
/http://www.nawendihewal.blogfa.com

# هەشتەمین خولی فیستڤاڵی شانۆی کوردی لە شاری سەقز بەڕێوە چوو



بە پێشاندانی شانۆی "کێ شەڕی دەست پێ‌کرد" هەشتەمین خولی فیستڤاڵی شانۆی کوردی لە ڕێکەوتی ٩ی خەزەڵوەر لە شاری سەقز دەستی پێ کرد.

ئەو فیستیڤاڵە بە بەشداریی گرووپی شانۆییەکانی پارێزگاکانی سنە، تاران، ورمێ و کرماشان لە ماوەی سێ ڕۆژ دا لە هۆڵی ئامفی تئاتری کۆمەڵگەی فەرهەنگی و هونەریی ئیدارەی ئیرشادی سەقز بەڕێوە چوو. کە شانۆکانی "ماشینە شەڕکەرەکان"، شەوی شووتی"، "خەیاڵی خاو"و "ڕەش دانەوەی سپی و چەند خەونێك" بەرنامەکانی ڕۆژی دوویەمی بوون.

ڕۆژی سێیەمی فیستیڤاڵی بە نواندنی شانۆکانی " سەمای پەپوولە شینەکان"، سەیدەوان"و "ئێوارەیەك بۆ پیاو کوشتن" کۆتایی پێ هات.

هەروەها لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژە دا بە پێی بەرنامەی دیاریکراو دوو وۆرکشۆپی فێرکاری و پسپۆرانە بە ناونیشانی شانۆنامەنووسی لە لایەن ناسح کامکارو گێڕانەوەی شانۆ لە لایە دکتور قوتبەدین سادقی لە هۆڵی کتێبخانەی ناوەندیی سەقز بەڕێوە چوون.

پێویستە بوترێ لەم فیستیڤاڵە دا تەنیا ئەم شانۆیانە بەشدار دەبن کە بە یەکێك لە زاراوەکانی کوردی پێشکەش بکرین و هەڵبژێردراوانی ئەم فیستیڤاڵە ڕاستەوخۆ بەشداری بیست و هەشتەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فەجر دەبن.

# دەرهێنەرێکی کورد خەڵاتی یەکەمی فیستیڤاڵی "پرتەقاڵی زێڕین"ی بە دەست هێنا




دەرهێنەری فیلمی کوردی "من دیت" میراز بەزار خەڵاتی یەکەمی فیستیڤاڵی "پرتەقاڵی زێڕینی" تورکیەی بردەوە کە لە شاری ئەنتالیا بەڕێوە چوو.

بە گوێرەی هەواڵەکان زۆربەی فیلمە بەشدارەکانی ئەو خولەی فیستیڤاڵەکە کوردی بوون لە حاڵێکدا ئەو شتە ماوەیەك لەمەوبەر لە تورکیە ناقانوونی بوو و ڕێگە بەو شتە نەدەدرا.


فیلمەکەی بەزار کە بەسەرهاتی لە سێدارەدانی ژن و پیاوێك بە دەستی ئەندامانی پۆلیسی تورکیە بە بەر چاوی منداڵەکانیانەوە نیشان دەدا بوو بە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری بینەران هۆڵی پێشاندان بە جێ بێڵن و ئەوانەش کە تا کۆتایی فێلمەکە مانەوە بە گەرمی پێشوازییان لێ کرد.

دەرهێنەری فیلمی "من دیت" لە وتووێژێکدا دەڵێ ئەو کاتەی فیلمەکەمان دروست کرد دڵنیا نەبووین لە کوێی پیشان دەین چونکی لە لایەك نەتیڤییەك بە زمانی کوردی لە تورکیە هەبووو نە پارلمانتاران لە پارلەمان دەیانتوانی بە کوردی بدوێن بۆیە بە دوای کەسانێکەوە بووین کە پشتیوانیمان لێ بکەن.

جگە لەو فیلمە چەند فیلمی کوردیی دیکەش بەشداری فیستیڤاڵەکە بوون کە یەکیکیان بریتی بوو لە "ڕێگەی قوتابخانە" کە باس لە کێشەی مامۆستاو قوتابییە کوردەکان دەکا کە دەبێ بە تورکی بخوێنن لە حاڵێکدا لە تورکی تێناگەن.

# بەشداریی بەرهەمی سینەماکارانی کورد لە فیستیڤاڵەنێونەتەوەییەکان دا





بە پێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی هەواڵنێر چوار کورتە فیلمی کوردی بەرهەمی سینەماکارانی کورد لە ٢٢هەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی "ئێکس گراند" لە وڵاتی ئاڵمان پێشان دەدرێن

لەم فێستیڤاڵەدا کە لە شاری ویسبادێنی ئاڵمان لە ١٣ی نوامبر تا ٢٢ی درێژەی دەبێ فیلمەکانی "ڕۆژێکی پڕ زام"بەرهەمی سەتار چەمەن گوڵی، "لێرە جادەکان بێ کۆتایین" بەرهەمی تۆفیق ئەمانی، "کلاسەکان دەکرێنەوە" بەرهەمی جەلال نەسیری و "مافوورەی دار" بەرهەمی عەبدولڕەحمان میرانی بەشداری کێبڕکێی کورتە فیلمەکان دەبن.

هەروەها لە لایەکی دیکەشەوە شەش کورتە فیلمی جەعفەر نوورمحەممەدی بە ناوەکانی "یەکەمین هەتا"، هێلانەیەك لە سەر بەرد"، سەرباز، ئامێر، منداڵ"، گۆرانیی باران"، بنێشت" و "ڕاوچی" لە ٣٩هەمین خولی فێستیڤاڵی "ڕوشد" لە تاران لە بەرنامەیەك دا بە ناونیشانی "چاوخشاندنێك بە بەرهەمەکانی جەعفەر نوورمحەمەدی" دا پێشان دران.

بەڵام فیلمە نوێیەکەی بەهمەن قوبادی گەورە سینەماکاری کورد "کەس بە پشیلە ئێرانییەکان نازانێ" بڕیارە لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمە دیکۆمێنتییەکانی "کۆپێنهاك" لە وڵاتی دانیمارك کە لە ٦ تا ١٥ نوامبر درێژەی دەبێ بەشدار بێ و پێشانی بەشدار بووان بدرێ.

# کچە کوردێک لە ئۆزبەکستان بوو بە کەسی سێیەمی یاریی جۆدۆ




نەستەرەن ئەمیری کچە وەرزشکارێکی خەڵکی کرماشان ڕۆژی ١ی نوامبر لە وڵاتی ئۆزبەکستان و لە ژێر کێشی ٧٠ کیلۆ دا توانی دوای ئەوەی بە سەر وەرزشوانانی ڤییەتنام، ئۆزبەکستان و قەزاقستان سەرکەوێ ببێ بە کەسی سێیەمی ئەو کێبڕکێ نێونەتەوەییە.

